دواڕۆژ



چۆن بۆت
بدوێم...
10

بڵاوکراوەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات
ژمارەی ١٢٣ - ساڵی دەیەم
٢ خەزەڵوەر ١٤٠٣ی هەتاوی

سەروتار

## ژانی هاوبەش پێویستی بە هاواری هاوبەشە

عەزیز ئاجیکەند

لە خاڵە هەرە لاوازەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا سەرەڕای هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی و ئەوهیوا هۆمێدەی کەلە کۆمەڵگەدا پێکی هێنا ئەوەیەکە نەیتوانی هەموو هێزە کۆمەڵایەتی و لایەنە سیاسی و شۆرشگێرەکان بە جۆرەک لەدەوری یەک ولەژێریەک گوتاری هاوبەشدا کۆکاتەوە. کوردستان دوای شۆرشی ژینا بەخێرایی پێی نایە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەو گەلێک هەستیارە . لە کورت ماوەدا ناڕەزایەتی و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی شەقام بە کردەوە شکڵ و شێوازێکی ئەمرۆیی و پێشکەوتن خوازانەی بۆ خۆیەوە گرت. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی رواڵەتی سیاسیی و ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕی و هەنگاو بە هەنگاو چووە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە. نێوەرۆکی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی ئیسلامیی کرانە ئامانج.شۆرشی تازە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامیی سیاسی و یاساو ڕێسای ئایینی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە ناوچەکە، بزووتنەوەی ڕزگاریی بردە قۆناغێکی نوێوە. ئەم ئاخێزە شکۆدارە شۆڕشگێڕانەیە، دۆسیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەم بزووتنەوەیە بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر و بروخێ کۆماری سێدارە، داگیرکەر بۆ دەرەوە ، بژی کوردستانی سەربەخۆ" نیشانی دا پشکۆی ئیرادەی جەماوەر لە هەڵکشاندایە و عەزمی جەزم کردوە بۆ یەکلاکەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی. کوردستان ئەمڕۆ هێزو و پوتانسیەلی ئەوەی تێدا هەیە کە ببێتە خاوەنی بەرەیەکی بەهێزو یەکگرتوو بە گوتارێکی هاوبەشەوە. هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتی جەماوەر ئەمرۆ دەتوانن بەردی بناغەی وەها بەرەیەک کە بتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بگورێ،دابنێن .نەبوونی ناوەندێکی هاوبەش،خاڵیی هەرە لاوازوبنەڕەتیی بزووتنەوەی سیاسیی ئەمرۆی کوردستان پێکدێنێ. ئێمە بەردەوام ئاڵاهەڵگری یەکگرتوویی بووین و لەم پەیوەندێشداهەولی چڕوپڕو دڵسۆزانەمان داوە . ئێمە بۆ خوڵقاندنی دۆخێک تێکۆشاوین کە تێدا حیزبە کوردستانییەکان هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پتەو بدەن. ئێمە هەر زۆر زوو هەستمان بەوە کرد کە تاکە ڕێگا بۆ وەسەرخستنەوەی وزە و تواناکانی هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکان لە دژی کۆماری ئیسلامیی، دامەزراندنی بەرەیەکی بەهێزی کوردستانیە.

›› لاپەڕە ٣

# شۆڕشێکی بەردەوام و لەشکاننەهاتوو



ڕەزا کەعبی

١ –شۆڕشی ژینا دوو ساڵی تێپەڕاند. گڕی ئەم شۆڕشە بە شێوەیەک بەردەوام و زیندووە کە تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەریدا ئەوەندە دیاریی نادات. خوێنی نوێ و پێکهاتەشکێنێ کە لە دەمارەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و سیاسی،لە فەرهەنگی کۆمەڵگەدا و لە شێوەی ڕوانین بە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و دیاردەکان و نەریتە کۆن و چەقبەستووەکان بەردراوەتەوە، هێشتا گەرم و وزەبەخشە.

٢ – ئەوەیکە هەموو کەسێک هەرساڵ لە بەرەبەری ٢٥ی خەرمانانندا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو یادە دەکەونە ڕاویژ و جموجۆڵ، نیشانەی گرنگییەکی لە ڕادە بەدەرە کە شۆڕشی ژینا لە خۆی وێنای کردووە و هوموو خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن کە ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن. شۆڕشی ژینا کاریگەرییەکی قووڵ و پڕبنەمای لە تانوپۆی کۆمەڵگەدا داکوتاوە و لەو ڕوانگەوە بۆتە مەرسی بۆ بنەماکانی سیستمی پیاوسالار و فاشیزمی مەزهەبی. شۆڕشی ژینا وەکوو شۆڕشە گەورە و مێژووسازەکان خەریکە شوێن پێی خۆی دەکاتەوە و بەشیک لە مێژوو بۆ خۆی تەرخان دەکات.

٣ –شۆڕشی ژینا پەیام و واتای ڕاستەقینەی بۆ ناوەڕۆکی شۆڕش گەڕاندەوە.ئیدانە کردن و ڕەشکردنی هەر شۆڕشێک بەتایبەت پاش شکانی گەورەی ٥٧ و هاتنە سەرکاری ئەکتەرەکان"ئینقلابی ئیسلامی" کرابوو بە کردەوەیەکی ڕەوا و خاترجەم. شۆڕشی ژینا گەڕەلاوژێ و لێکدانەوە بێ واتا و بێ بەڵگەکانی لەسەر" زیانەکانی شۆڕش کردە بڵقی سەر ئاو و گەمەی پێکردن.شۆڕش پێویستیی خۆی جارێکی دیکە سەلماند. هیچ کەسیک بەشداریی لە شۆڕشدا نەبەستەوە بە ئاکامەکانی ئەو شۆڕشە.گەشیی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت ڕوانینی ئەو بەرەو داهاتوو و دەسپێکی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لانیکەم لە مێشک و بیری کۆمەڵگەدا لە هەموو چین و توێژێکدا وەکوو ژنان، مەزهەب و ئازادییە تاکەکەسییەکان و بردنەسەرەوەی ئاستیداواکاری و چاوەڕوانیی خەڵک لە حیزب و ڕێبەرانی سیاسی و لە ئاکامەکانی شۆڕشی خۆیان، جیاوازییەکی بەرچاوی پێوە دیارە.شۆڕشی ژینا هەرچەشنە بڕوایەکی کۆنەپەرەستانەی بە ڕابردوو خستە لاوە.

٤ – جوغرافیایەک کە شۆڕشی ژینا لەوێوە سەرچاوەی گرت و بکەری سەرەکی بوو لە هەڵگیرساندن و پەرەپێدانیدا.شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەستیپێکرد و گشتگیر بوو و بوو بە جیهانی.ڕوودانی ئەو شۆڕشە لە کوردستان بە هیچ شیوەیەک لە ناکاو نەبوو.

لەم شیوە جینایەتگەلە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕژیمدا لە هەموو شوێنێکی جوغرافیای ژێر دەسەڵاتیدا ڕووی داوە، بەڵام لە کوردستاندا هەرکات جینایەتێک ڕووی دابێت تێچووی لەسەر دەستی ڕژیم داناوە کە شۆڕشی ژینا ئەوپەڕی کاردانەوەی خەڵکی کوردستان بوو کە لە کاردانەوەیەکی ئاسایی بە جینایەتەکانی ڕژیم ئەولاتر چوو و هەموو کەسێک بێگومان ناوی شۆڕشیان لێناوە.

›› لاپەڕە ٣



بابەتێ سەبارەت بە ڕۆژی کچان و...

8



منداڵ هاوسەری و خەسارەکانی

11

ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتیی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

2

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتیی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان




کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەر، دانیشتنی گشتیی و بەربڵاوی خۆی بەڕێوەبرد.لەم کۆبوونەوەدا کە تێکڕای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و جێگرەکانیان بەشدار بوون، پرس و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان، ئێران، ناوچەکە و هەروەها باس و بابەتگەلی تایبەت بە پرسی ناوەند و ئۆرگانەکانی حیزب گەنگەشەیان لەسەر کرا.

کۆبوونەوەکە بە چەند چرکەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی هاوڕێ ڕێبوار کەریمیان، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیسیونی نیزامیی کۆمەڵە کە لە تێکهەڵچوونێکدا لە گەڵ هێزەکانی ڕژیم لە ڕۆژی ٢٩ی خەرمانان گیانی ئازیزی بەخت کرد، دەستیپێکرد.

کۆبوونەوەکە سەرەتا چۆنییەتی ڕووداوی تێکهەڵچوون وگیانبەختکردنی هاوڕێ ڕێبوار کەریمیان (دارسێران)ی خستە بەرباس.کاردانەوە ئەرێنییەکان لەسەر ئەم ڕووداوە و هاوهەڵوێستی و سۆزی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ گیانبەختکردنی فەرماندەیەک کە سەرەڕای بارودۆخی هەستیار، سوورە لەسەر ئەوەیکە هاندەر و پێشسواری بەردەوامیی ئامانجەکانی کۆمەڵە و خەباتی گەلەکەی بێت، لە ماوەی سێ حەوتووی ڕابردوودا بەڕوونی دیارن. پەیامگەلێکی بەرفراوان لە پاڵپشتی و هاوهەڵوێستی لە گەڵ کۆمەڵە و لە ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ ڕێبوار و بەڕێوەچوونی دوو ڕێوڕەسمی شیاو لە کوردستان و لە ئاڵمان دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرەڕای فشار و هەڕەشە و هێرشەکانی ڕژیم دەبێت دەور و نەقش و ئەرکی خۆیان بەجێبێنن. لە دانیشتنەکەدا هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ڕێبەری و کادر و ئەندامەکانی کۆمەڵەی لەم ڕووداوەدا، بە دروست و بەرپرسیارانە ناولێبراو وەک نموونەیەک کە لە کاری گشتیدا دەبێ ببێتە پارادایمێکی هزری جەختی لەسەرکرایەوە.

باسێکی دیکەی کۆبوونەوەکە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و دۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەکەی بوو. کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پاش تێپەڕینی ٤٥ ساڵ لە دەسەڵاتدارێتی ڕژیم و سەرەڕای سەرکوتی بەردەوام و میلیتاریزەکردنی کوردستان، جەماوەری خەڵک پێداگر ڕاوەستاوە و زۆریش یەکگرتووتر بووە. کوردستان بۆتە سەنگەر و سەکۆی خەبات دژی ڕژیم و پاش تێپەڕینی ماوەیەکی دوورودرێژ لە بەرگری و شەڕ و داهێنانە مەدەنی و سیاسییە خەڵکییەکان کە هەرجارە و بە بەشداریی زیاتری خەڵک بەردەوام بووە، بە گرێدان بە شۆڕشی ژیناوە پێینایە هەلومەرجێکی شیاوتریشەوە، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بۆ پەراوێز خستنی، دەیانساڵ بە هەموو هێزی ئابووری و میدیایی و سەرکوتی خۆیەوە پیلانی بۆ دارشتووە. مانگرتنی یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستان لە دووهەمینساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا لە ٢٥ی خەرمانان نیشانیدا کە بزووتنەوەی کوردستان بەردەوام پتەو و ڕاوەستاوە و یەکگرتووە. فشار و سەرکوتەکانی ڕژیم، لەسێدارەدانی ڕەزا ڕەسایی، خەباتکارێکی کوردی یارسانی و سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر پەخشان عەزیزی، زیاترمیلیتاریزە کردنی ناوچەکە، هێرش بۆ سەر حیزبەکانی کوردستان و بەستنی پەیماننامەی ئەمنی لە گەڵ حکومەتی عێراق بۆ بەرتەسک کردنەوەی چالاکیی و خەباتی حیزبەکان، وەکوو دوایین هەوڵەکانی ڕژیم لەم دواییانەدا بوون کە هیچیان نەیانتوانیوە ئەو کاریگەرییەیان هەبێت کە ڕژیم چاوەڕوانی دەکرد. کوردستان لەم ساڵانەدا نەک هەر توانیویە پێگەی خۆی بپارێزێ بەڵکوو بۆتە جەمسەرێکی گرنگ و نمونەیەک بۆ خەبات و خرۆشانی جەماوەریی دژی کۆماری ئیسلامی و هۆکاری ترس و تۆقینی زیاتری دەسەڵاتدارەکانی ڕژیم کە هۆکارەکانی چڕکردنەوەی تایبەتی سەرکوتی کوردستان و بەردەوامیی دژایەتییەکانی دەرخەری ئەم ڕاستییانەن. بە تایبەت لە بارودۆخی لەرزۆکی هەنووکەیی کە هەمووان چارەنووسی ڕژیم لە تارماییەکی تاریکدا دەبینن، جێگە و پێگەی کوردستان و بارودۆخە سیاسییەکەی گرنگییەکەی بەرچاوی پەیدا کردووە.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی ڕێزی لە بەشداریی پڕشکۆی خەڵکی کوردستان لە ساڵی دووهەمی شۆڕشی ژینا لە مانگرتنی سەرکەوتووانەیدا گرت و هاوکات ئاماژەی بەم ڕاستییە کرد کە سەرەڕای داخوازی و خواستی گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ یەکیەتی و هاوکاری و پێکهێنانی ژێدەریکی سیاسیی لە لایەن حیزبەکانەوە،بەداخەوە نەمانتوانی بانگەوازێکی هاوبەش دەربکەین. ئەمە ڕاستییە و دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە یەکترو نەبوونی ژێدەریکی هاوبەش،خاڵیی لاوازی بنەڕەتیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەوڵی چڕوپڕ و دڵسۆزانەی لەم پێوەندییەدا داوە و لە جموجۆڵەکانی لەم بوارەدا بەردەوام دەبێت تا حیزبە کوردستانییەکان لە هاوپەیمانییەکی پتەو و بنەڕەتی و دێموکراتیک پێکەوە کۆ دەبنەوە کە ئەم داخوازیی لەمێژینە و پێویستەی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکرێت. کۆمەڵەی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی هیچ بەربەست و پێشمەرجێکی نییە و خوازیاری بەشداریی هەموو حیزبەکانی کوردستان لە وەها هاوپەیمانییەکدایە کە دەتوانێت خێرا ببێتە سەرچاوەی سیاسی و ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان.

دانیشتنی کومیتەی ناوەندی لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە جیهان چاوی بڕیوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاو و گشتگیر لە ئان و ساتدایە کە دەتوانێت بەردەوام بەربڵاوتر بێتەوە و سنووری شەڕەکە گەورەتر بێت. زلهێزەکان جموجۆڵی ئەوەیانە کە لە داهاتووی ئەم ناوچە بەش و جێگەی خۆیان مسۆگەر بکەن. سیاسەتە شەڕخوازانەکانی کۆماریی ئیسلامی بە هەناردەکردنی شۆڕشەکەیەوە و بەربڵاوکردنەوە هیلالی شیعییەکەیەوە بەربەستیان بۆ دروست کراوە و لە نێوان دووکەڵ و ئاگر و وێرانییەکی زۆردا چۆکیان داداوە و ئێستاش هەموو هەوڵێکی سەرشۆڕانەی ئەم ڕژیمە هار و دڕندەیە دوور کردنەوەی شەڕەکە لە خۆی و سات و سەودایە لە سەر هێزە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی خۆیدا کە لە دەیانساڵی ڕابردوودا دەیان میلیارد دۆلار و بەشیکی بەرچاو لە هێزە مرۆییەکانیی خۆی بۆ ڕێکخستن و بەهێزکردنییان کردۆتە قوربانی. لە قووڵایی کۆمەڵگەی لوبنان و غەززە کە بڕوایان بە کۆماری ئیسلامی کردبوو، شک و گومان لە خەیانەتی کۆماری ئیسلامی و فرۆشتنی حیزبولڵا و حەماس و ئەوانی دیکە زیاتر و زیاتر دەبێت. کۆماری ئیسلامی بە هێرشی مووشەکیی ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبر بۆ سەر ئیسرائیل بە فەرمی و ڕاستەوخۆ چۆتە نێو شەڕێکی یەکلاکەرەوە کە بەر لە هەمووان خۆی لە ئاکامەکەی تۆقیوە و تووشی سەرلێشێواوی بووە. شەڕنانەوەی ڕژیم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆتاییەکی نییە. هەر لە یەکەم چرکەکانی دانانی بناغەی ئەم سیستمە سەرکوتگەر و فاشیستە مەزهەبییەی کۆماری ئیسلامیی بە هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامی (هەناردنی کۆنەپەرەستی و تێرۆریزم و شەڕ و دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکە) شەڕ و خوێنڕشتن بونیاد نرا و ٤٥ ساڵی ڕابردوو بکەر و پلاندانەری سەرەکیی هەرچەشنە ئاڵۆزییەکی ناوچەیی بووە. ئەمە ڕاستییەکە کە سەرچاوگەی شەڕی هەنووکەیی کە ڕژیمی بە شێوەیەکی جیددی و بێ وێنە تووشی کێشە و سەرشۆڕی و تۆقین لە ڕوخان کردووە شەڕی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبری پارەکەیە کە حەماس و حیزبولڵا بە ئامادەبوون و ئیمکاناتی ئابووری و سەربازیی ئاشکرای کۆماری ئیسلامییەوە بە دڵڕەقییەکی کەم وێنەوە و کوشتنی شارۆمەندانی مەدەنی و هێرش بۆسەر فستیواڵێکی مووسیقی، شەڕێکیان داگیرساند کە هەنووکە هەڵگیرسێنەرانی ئەو شەڕە لەبەرچاوی دونیاوە تووشی داماوی و شکست بوون و لێک دابڕاون. ڕژیمی ئیسلامی چارەنووسی خۆ بەم شەڕخوازییە و سات و سەوداوە گرێ داوە بەڵام ئەمجارە هەلێ ئەوەی نەماوە جارێکی دیکە جامی ژاریش بخواتەوە.

کۆمەڵگەی ئێران بەستێنی شۆڕش و هەستانەوە و خرۆشی جەماوەریی بەهێز و بەربڵاوی تێدایە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان و بە دانپیدانانی بەرپرسانی ڕژیم، کۆماری ئیسلامی خستۆتە لەرزین. کۆمەڵگەیەکی ٨٠ ملیۆن کەسییان خستۆتە دۆخێ نالەباری هەژاری و بێکاری و قەیرانی قووڵ و بێ چارەسەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆ، قەیرانی تێرۆر و شەڕ و بەهێزکردن و ڕێکخستنی گرووپە چەکدارەکان لە ناوچەکەدا کە چیدیکەش ناتوانێ بە نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و تێچووی سەرسووڕهێنەرەوە (لە سەرمایەی خەڵکی ئێران) بۆ ئامانجە شەڕخوازانەکانی، تێرۆریزم و بارمتەگرتن و تێچووی سەدان هەزار هێزی چەکداری بەکرێگیراوی ئەو ڕژیمە لە ناوچەکەدا خەرج بکات. ناڕەزاییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و داخوازیی چین و توێژە جیاوازەکان و نەتەوەکان بۆ ئازادی و ڕزگاری هەر ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. کرێکاران بە زنجیرە مانگرتنەکانیان و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانیان، ژنان کە تابووی کۆماری ئیسلامییان شکاندووە و نەتەوەکان کە چیدیکە ناچنە ژێرباری داگیرکاریی و میلیتاریستی بوونی وڵاتەکانیان و سەرکوت بکرێن، لاوەکان و هەمەوو چین و توێژەکانی دیکە لە یەکگرتوویەکی نەنووسراودا تێدەکۆشن کە چارەی شەڕی ئەم ڕژیمە لەسەر ژیان و داهاتوو و چارەنووسیان بسڕنەوە. کۆمەڵە لەم هەلومەرجە ئاڵۆز و شێواو و پڕ لە گۆڕانکاریی هەنووکەییدا کە دەنگ و ئامادەبوونی جێگرەوە "سەردەستەکان"بەرزتر و بەرچاوتر بووە، تێدەکۆشی کە پشتگەرمی و ئامادەبوونی جێگرەوەی جەماوەری و خەڵکی، دادپەروەرانە و دێموکراتیک بە بەشداریی ڕاستەوخۆی کرێکاران، ژنان و نەتەوە بندەستەکان ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بنەخشێنێ و پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە جێگای چەندپات کردنەوەی سناریۆکانی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو و چەوساندنەوەی خەڵک و چارەنووسی ئەوان و سەرکوتی نەتەوەکان، دادپەروەری بۆ کرێکاران و یەکسانی بۆ ژنان و دێموکراسی لە کۆمەڵگە و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکان مەرجی پێکهێنانی هەر هاوپەیمانی و ئەکتەرێکی سیاسی بێت.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکەی کومیتەی ناوەندی پەڕژایە سەر لێکدانەوەی بەشێک لە پرس و بابەتگەلی حیزبی و چەند چوارچێوەیەک کە لە هەلومەرجی هەنووکەییدا دەبێت سەرنجی قووڵتریان بخرێتە سەر.

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

**١٨ی ڕەزبەری ١٤٠٣**

**٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤**

# ›› پاشماوەی شۆڕشێکی بەردەوام و لەشکاننەهاتوو

لەسەرەتای هاتنەسەرکاری ڕژیم کوردستان بۆ بەدەستهێنانی جێگای ڕاستەقینە و شیاوی خۆی ڕووی کردە داهێنانی مەدەنی و سیاسی و ئارام و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە. ئەوە ڕژیم بوو کە هەر وەکوو دەسەڵاتدارانی ڕابردوو بە زۆر و چەک و داگیرکاری و ئێعدامی بەکۆمەڵەوە دەستی پێکرد. لە ماوەی ئەم ٤٥ ساڵەدا کوردستان هەم لە ئەزموونی بەرگریی چەکدارانە بۆ هێشتنەوەی بزووتنەوەکەیان و هەم لە کاتی هەڵپەساردنی بەرگریی چەکدارانە و ئەزموونی خەباتی مەدەنی کە ساڵ بەساڵ بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە سەربەرز بووە و ماوەتەوە. شۆڕشی ژینا ئەوپەڕی پێگەیشتن و تێگەیشتن و ئەزموونی نەتەوەیەکە کە بڕیاری داوە کە دەبێ ئازاد بژیت.داهێنانەکانی ئەم شۆڕشە لە هەموو گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگەی کوردستان خاڵیکە کە دەبێت بەردەوام لێکدانەوەی بۆ بکرێت.کۆمەڵگەی کوردستان بەم شۆڕشە زیاتر ڕسکاوە.خەباتەکەی بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و خەباتی مەدەنی و سیاسییەکەی لە ڕێگای یەکسانیی، ژنان و دادپەروەریی بۆ کرێکاران و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کە پیوەر و هاندەر و سەرچاوەی وزەی ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینە، جێگە و پێگەیەکی زۆر جیاوازی بە نیسبەت پێش لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی پێبەخشیوە.

٥ — بەشی باوک و دایکی ژینا ( کاک ئەمجەد و خاتوو موژگان)لە هەڵگیرسانی کەشیکی شۆڕشگێڕانە و هاوڕێیی بەربڵاو و بەردەوام لەگەڵ شۆڕشەکەدا تایبەت و بنەڕەتییە. پاوەگەزدانی قورس و قایمی دایک و باوکی ژینا فێڵ و تۆقاندنەکانی ڕژیم و سیستمی سەرکوتی کە لەگەڵ هەر جینایەتێکدا بە هەڕەشە لە بنەماڵەکان و بێدەنگ کردنیان خۆی دەگرتەوە تێک دا.دواتریش بینیمان کە پێداگربوونی ئەم دایک و باوکە لە ڕاوەستان و پێداگریی بنەماڵەی گیانبەختکردوانی شۆڕشی ژینادا چەندە کاریگەر بوو و چ دەورێکی بەرچاوی بوو و چەندە لە پاڵپشتی و بەشداریی چالاکانە و بەربڵاوی خەڵکێکی زۆرتردا کاریگەر بوو.

٦ — لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی ژینا لە گۆڕستانی "ئایچی" کاتێک لەسەر بەردی کێلەکەی نووسرا"ژیناگیان تۆ نامری،ناوت دەبێتە ڕەمز"نووسەر پەیامێکی یەکجار گرنگی خولقاند.ئەم کورتە نووسراوەیە لێکدانەوەیەکی ڕوون لە بارودۆخ و وزەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە لە ماوەی دەیان ساڵ بەرخۆدان لە ئەزموون و بەسەرهاتە دژوارەکاندا سەربەرز و سەرکەوتوو دەرچووبوو.نووسەری سەر بەردی گۆڕەکەی ژینا لیکدانەوە و ڕوانگەیەکی دروستی لە بارودۆخەکە هەبووە کە توانیویەتی پەیامێکی پرواتای لەو شیوەیە بنێرێ و تا بە کردەوە کردنەکەشی تەنیا چەند ڕۆژ مەودای هەبوو.

٧ —بەڵام لە گۆڕستانی "ئایچی"یەوە پر واتاترین پەیامی مرۆیی و سەردەمیانەی"ژن. ژیان.ئازادی" هاوکات لەگەڵ فڕێدانی لەچکی ژنانی بوێری کورد لەو ڕێوڕەسمەدا لەسەریان هێڵی بنەمایی و سووری ڕژیمیان تێپەڕاند نێردرا بۆ هەموو جیهان و بینیمان کە چۆن بوو بە مانیفێستی جیهانی دژ بە هەرچەشنە نایەکسانی و شەڕیکی جیهانیی دژ بە پیاوسالاری و فاشیزمی مەزهەبی.ژن ژیان ئازادی بوو بە بناغەی سەرەکیی شۆڕش و لە ڕاکێشانی بیروڕای گشتیدا بۆ لای خۆی ڕەوڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بینی. دروشمی ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و خێرا جیهانی گرتەوە و گەورەبوو.

٨ —ڕۆڵی بنەماڵەی گیانبەختکردوانی شۆڕشی ژینا لە بەردەوامبوونیدا نکۆڵی لێناکرێت. وتارە هیوابەخشەکانیان لەسەر تەرم و گۆڕی ڕۆڵەکانیان،کۆبوونەوە سەربەرزانەکان و بەڵێنەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە ڕێگای گیانبەختکردوان،بە گوڵستان کردنی گۆڕستانەکان و گۆڕینی گۆڕستانە تاریک و تۆقێنەرەکان بە گۆڕی شۆڕشگێڕانێک کە لە جوانترین و پێشکەوتووترین بیر و ئامانجگەلی مرۆییدا هەرمانن و هیوان بۆ داهاتوویەکی جیاوازی مرۆڤە زیندووەکان.

٩ —شۆڕشی ژینا خێرا بوو بە پێگەیەک کە هەموو"سەرکوت کراوان، زۆرلێکراوان و گشت ئەوانەی دژی ئەو ڕژیمە فاشیستە مەزهەبییە بوون لەو پیگەیەدا خۆیان بینییەوە و دەنگیان هەڵهێنا و پێداگربوون کە دەبێ ئەو زوڵم و زۆرە کۆتایی پێ بهێندرێت.شۆڕشگێرانی کوردستان و شۆڕشگێڕانی نەتەوە بندەستەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری و سەروەریی نەتەوەیی،بەرخۆدانی ژنان بۆ بەرابەری و یەکسانی،حەزی لاوان بۆ ژیانێکی باشتر و ئەمرۆییتر،کرێکاران بۆ دادپەروەری،چالاکانی ژینگە و تێکۆشانەکانیان و دادخوازیی دایکانی گیانبەختکردوان لە سەر بەرزایی ئەم پێگەیە پیکەوە یەکیان گرت.

١٠ —جۆرەکانی تازەی ڕێکخستنی بەرخۆدان لەم شۆڕشەدا بەرچاون.هەزاران خەباتکار لەگەڵ توێژی بەربڵاوی ڕێبەرانی گۆڕەپانەکانی شۆڕش بە داهێنانە تازەکانیان ڕێگاگەلێکی تازەیان لە بەرەی بەرخۆدان و شۆڕشیان تاقی کردەوە. ڕێبەرانی شەقام و گۆڕەپان کە لە بەرەی هەرەپێشی چەپەرەکاندا بوون،ڕێبەرانی دەرمانی و تەندروستی کە بە ئامادەکردنی شوێنی ئاسوودە و ئەمن بۆ دەرمان کردنی بریندارەکانی"شەڕ"بە ڕێکخستنی کۆکردنەوە و ڕاگواستنی یارمەتییە دەرمانی و نەشتەرگەرییەکان یان گواستنەوەی بریندارەکان بۆ شارەکانی دەرەوەی کوردستان و لە شوێنە بێ ترسەکاندا دەرمان کردن،ڕێکخستنی نوێی ڕێوڕەسمەکانی ماڵاوایی لە گەڵ گیانبەختکردوان و گۆرینی بۆ پێگەیەکی شۆڕشگێڕی،هێز و پەرەپێدانی شۆڕش و نەهێشتنی بێهیوایی و پرسە.
کۆوەدانی دروستی شێوەکانی ڕێکخستن و ئەزموونی نوێ لەم شۆڕشەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شۆڕش لە داهاتوودا کە بێگومان ڕوو دەدات پێویستە.

١١ —شۆڕشی ژینا هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی.پرسە گرنگ و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لە سەرەوە پێناسە کردەوە یان پێشێتیی پرسەکانی سەرووی کۆمەڵگەی گۆڕی.نە ئەو پرسگەلەی کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی لابییە بەربڵاوەکانی لە میدیاکاندا پەرەی پێ دەدا،نە ڕێفۆرمخوازی و نە نکۆڵی لە نەتەوەکان و نکۆڵی لە بزووتنەوە خەڵکییەکان هەلی خۆیان بۆ خۆنواندن لە دەست دا. ژن و ئازادیی ئەوانی لە پێوانەگەلێکی کۆمەڵایەتی و مەزندا خستە سەرووی پرسەکانی کۆمەڵگە و درزێکی ئەوەندە قووڵی دروست کرد کە هەوڵی ٤٠ ساڵەی ڕابردووی کە ببوە بوون و هۆکاری مانی کردە بڵقی سەر ئاو. بزووتنەوەی پتەوەی کوردستان و بزووتنەوە و خواستی نەتەوەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینیان کە ڕژیم بە هەموو هێزی ئابووری و سەرکوتییەوە هەوڵی پەراوێز خستنی دەدا، بوو بە پێوەری شۆڕش و تێکۆشانی خەڵک لە شۆڕشی ژینادا. ئازادییە تاکەکەسییەکان و ڕەوشت و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان خێرا لە بەستێنێکی نوێدا خۆی وێنا کرد.شۆڕسی ژینا بناغەی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی، بنەماڵەیی،بارودۆخی ژن و هاوکێشە سیاسییەکانی بە شیوەیەکی گشتی و سەلمێنەر گۆڕی.



ڕەزا کەعبی

١٢ —لە شۆڕشی ژینادا لایەنگەلێک بە ڕوانینی کاسبکارانە بە"سەردەستەکان"و بەرهەمهێنانی دروشمی"مرد.میهن.آبادی"لە بەرانبەر دروشمی'ژن.ژیان.ئازادی"دا لە لایەن ڕاستترین و بناژۆخوازترین ڕەوت و هاودەنگی و هاوڕێتی لە گەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان خستە بەرەی دژ بە شۆڕشی ژیناوە. شۆڕشی ژینا پست ئەستووربە هێزی خەڵک و ئەوەیکە "شۆڕش کاری خەڵکە"چووە پێشەوە و هەر ئەمەش بوو بە یەکیک لە هۆکارەکانی سەرنجڕاکێشیی دیاری شۆڕشەکە.ئەم ڕوانگە و ئاراستەیە لە سەردەمێکدا کە بزووتنەوە خەڵکییەکان بۆ گۆڕان خەریک بوون دەکەوتنە پەراوێزەوە، بە شۆڕشی ژینا، بە ڕەوایی ئەو شۆڕشە و پشتیوانیی بەربڵاوی جیهان لەو شۆڕشە گورێکی بەهێزی پێبەخشی.

١٣ —پێوەندی لە گەڵ"بزووتنەوەی سەراسەری" و واتا و پێگەی ئەو بزووتنەوانە گۆڕانی بنچینەیی بۆ خۆی دەستەبەر کرد،چاوەڕوان بوونی بێهۆ لە ناوەند جێگای خۆی بە بوونی پرهێزی پەراوێز دا.حیزبە ئێرانییەکان لە گەڵ دژواری و پرسگەلی نوێ بەرەوڕوون.

١٤ —شۆڕشی ژینا هەلێکی دووبارە و بێوێنەی بە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەخشی کە هەم ببنە چاوگەی سیاسی (بۆ ماوەیەکی کورت ببوونە چاوگەی سیاسی) و هەمیش بەربەستەکانی ئەو هێزانەی لە گۆرەپانە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکرا کرد.ئەم شۆڕشە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی ئەوانی کردە سەرتۆپی خەباتی کۆمەڵایەتی هەتاکوو حیزبەکان چیدیکە نەتوانن ئەوان لە پەراوێز بخەن. چاوەڕوانی لە حیزبەکان چووە سەرەوە و چۆنییەتییەکی تازەیان لێ دەخوازرێت.

١٥ –خەباتی چەکداری لە چوارچێوەی نەریتی و دەوری تاقانەی لە بزووتنەوەی کوردستاندا هێنایە دەرەوە و پێویستیی پێداچوونەوەی لەم پرسە گرنگە و یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستاندا کردە ڕۆژەڤ و جەختی لەسەر کردەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا و بەتایبەت بە بوونی کۆمەڵە و بە گەشەی خەباتی مەدەنی و سیاسی،دەوری تاقانەی خەبات (بەرگری)چەکدارانە جێگای خۆی بە شێوەگەلی جۆراوجۆری خەبات داوە کە ڕواڵەتی ئەم بزووتنەوەیە لە هەر بوارێکدا گۆڕاوە.

١٦ —شۆڕشی ژینا ناشکێت، لەبەر ئەوەی بەردەوامە و کات و زەمەن لیکدانەوە لەو شۆڕشە.لە مانیفێستی"ژن.ژیان. ئازادی"یەکەی و چاوەڕوانییەکان لێی و گۆرانە کۆمەلایەتییەکان کە لە بەستێنی کۆمەلگەدا هێدی هێدی پێکیهێناوە و پێکیدێنێ زیندووە. ئەگەر سەرکەوتن و شکانی نەریتیی شۆرشەکان نەکەینە بنەمای لێکدانەوەکانمان، بەردەوامیی شۆڕشی ژینا و هاوڕێتی و پالپشتیی بەربڵاوترین چینەکانی کۆمەڵگە لەو شۆرشە سەرنجڕاکێشە.

## درێژەی سەروتار

لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر، تەقالآمان داوە هێزە سیاسییەکان لێک نزیک بنەوەو لەسەر ئەم پێویستییەی ئەمرۆی کوردستان قسەوباس بکەن و هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ. کوردستان جگەلەوەی کە لە گەڵ دوژمنێکی سوێند خواردوی وەک کۆماری ئیسلامیی دەست و پەنجە نەرمدەکات، لە نێو خۆیشیدا، بێ کێشەو گیرو گرفت نیە. دەنگ و چالآکی و بانگەوازەکان پڕش و بلآون و گوتارێکی هاوبەش و بەهێز کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک بکات، لەئارادا نیە .

ئەوە هەوڵ و تێکوشان و سازدان و دامەزراندنی ناوەند و بەرەیەکی کوردستانییە کە دەتوانێ هەم خەبات دژی دوژمنی سوێندخواردومان ڕەک بخات و هەم کێشە و کەلێنە نێوخۆییەکان پر بکاتەوەو بیانداتەبەر باس و لێکۆڵێنەوە. لە قۆناغی ئێستادا، بەرەی کوردستانی بە کردەوە دەتوانێ هێز و لایەنەکان لە ژێر چەترێک کۆبکاتەوە تا ئاسانتربۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان،تێبکۆشێ.

ئەزموونەکانی شۆرشی کوردستان نیشانی داوە کە یەکییەتی و یەکریزی دەتوانە زامنی سەرکەوتن بێت و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافەرەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەهێزتر کات.گۆڕانکاری نوێ و خێرا لە ناوچەکەدا چاوەڕێ دەکرێ.

ئەو دۆخەی ئێستا لە هەرکات زیاتر پێویستی بە یەکێتی ریزەکانی کورد بەگشتی و هاوکاری و هاودەنگی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە .

بۆئەوەی لە داهاتوودا ئەو دەرفەتانەی بۆخەڵکی کوردستان دەڕەخسێن لەکیس نەدەین و لە لایەکی دیکەوە دڵی خەڵکی ناڕازی کوردستان کە بە شێوەیەک پەرتەوازەیی حیزبەکان دڵنیگەرانی کردوون ئاشت بکەینەوە و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان پێشبخرێ و هاودەنگ و یەکگرتووبکرێ. لێکنزیکبوونەوە و کاری جددی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەک کە سیاسەت و گوتاری سیاسی کوردستان یەک و رێکبخات ئەرکێکی هەرە گرنگی لایەنە سیاسییەکانە"

بەشداریی پڕگوڕوتینی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەتایبەت لاوانی شۆڕشگێڕ بە پێشەنگایەتیی ژنان لەسەر شەقام، ئاسۆیەکی ڕوونی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە بەردەم خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان.

ئەم گۆڕانکارییانە ئیمکانی واقعیی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەی لەڕێگەی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە خولقاندووە.

شۆڕشی ژینا و دەسکەوتەکانی ئەم شۆرشە، ڕەوتی لاوازبوونی حکوومەتی ئیسلامیی خێراتر کردووەتەوە و بۆ جارێکی دیکە دۆسیەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسیی بەرووی کۆمەڵگەی کوردستان کردووەتەوە.

لەئاست ئەم ڕەوتە و بۆ وڵام دانەوە بە پرسە سەرەکییەکانی پڕۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و ئەگەرەکانی بەردەم،دەخوازێ چالآکتر لە جاران هاوکاری یەک بین بۆ وەڵامدانەوە بەپێویستییەکانی ئەمرۆی کوردستان .لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە خەباتی تائێستایان نیشانیان داوە کە هێزێکی کاریگەر و چارەنووسسازن و ئەگەر هەوڵ بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی بدەن دەتوانن زەمانەتی پێشرەویی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لەکوردستان بکەن. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودائێمە بۆساتێکش نەوەستاوین وبەردەوام بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە تێکۆشاوین. لە داهاتووشدا ماندو نابین وهەوڵ بۆ درووستکردنی بەرەی کوردستانی یان هەر شتێک کە خزمەت بە یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد لە کوردستان بکات،دەدەین. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگای کوردستانیش بە گشتی و بە تایبەتی کۆمەڵگای مەدەنی و جەماوەری کە هاوکارێکی باش و نزیک بن لەگەڵ کۆمەڵە بۆ چەسپاندنی ئەو گوتارەو بە سەرەنجامگەیاندنی.

# هەڵسو کەوتی وێژەی کوردی دەگەڵ وێژەی گەلانی تر



فایق ڕەسوولی

نیشانە ناسەکان دەڵێن "نیزامی جیهان نیزامێکی نیشانەییە"، واتا کۆی پێوەندی نێوان نیزامی جیهانی نیزامێکی نیشانەییە. بنەمای نیشانە بەردەوام لە سەر گواستنەوتنەوەی "مانا"یە. زمانیش بەشێک لە نیشانە ناسیە، بەڵام زمان تێک تەندراوترین و بەربڵاوترین بەشی نیزامی نیشانەییە. بەو هۆیە کە بەردەوام خۆی لە خۆی دا نوێ دەکاتەوە و یاسا و ڕێسایەکی زۆر بەرفرە و سەیر و سەمەرەی هەیە. بەڵام بۆچی زمان "وەک نیشانە" هەڵگری باس و خواسێکی تایبەتە! ڕای گشتی زمان ناسان لەسەر ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئاژەڵان نیزامێکی پێوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە یارمەتی ئەو دەتوانن هەندێک ئاگاداری کەم و دیاری کراو لە بەینی یەکتری دا بگۆڕنەوە. بەڵام، دەبێ بڵێین کە هیچ یەک لەم چوارچێوانە، زمان بە مانای زمانی ئینسانیی نیە. گەورەترین تایبەتمەندی زمانی مرۆڤ خوڵقاندنی بێ سنووری مانایە. هەر کام لە زمانە ئینسانیەکان وەها دروست کراون کە دەتوانن بە هەندێک پیتی زۆر کەم دونیایەک وشە و ڕستە دروست بکەن. بۆ نمونە، لە دە ژمارەی سەرەکی ٠ تا ٩ بێ ئەژمار ڕەقەم و ژمارەی تر ساز دەبێ. ئەم خوڵقێنەریە بێ سنوورە لە هیچ یەک لە نیزامە پێوەندیەکانی ئاژەڵ دا ناتوانین بدۆزینەوە. کەواتا، توخم و پێکهاتەی سەرەکی زمان "واژە"یە، کە ئەمانیش پێکهاتەی جۆراوجۆری تریان هەیە کە تایبەتی نیزامی زمانیی مرۆڤن. ڕەنگە هەر بۆیە دەڵێن کە "مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە". لە ڕاستی دا توانایی قسە کردن دەبێتە بنەمای جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ. سۆسۆر دەڵێ: "زمان ئامرازی بیر کردنەوەیە"، یان بە مانایەکی تر، بیر کردنەوە کە چەمکی سەرەکی باس و خواسە سەبارەت بە مرۆڤ، خۆی لە خۆی دا، مادام کە هیچ شتێک بەرهەم ناهێنێ و زەینی و ئینتزاعیە، بوونی نیە؛ بەڵکو ئەوە زمانە کە ئەم دیاردەیە کامڵ دەکا و بیر کردنەوە دەکا بە دیاردەیەکی عەینی و ئۆبژێکتیف. یەعنی ڕێک دەتوانین بێژین زمان ئەم پانتایەیە کە هزر و ئەندێشە و تەنانەت بە مانایەکی بەربڵاوتر مێژووی ژیانی مرۆڤ تێیدا دەگورێ. هەندێک لە زمان ناسان بە هێنانە بەرباسی ئەم پرسیارە کە زۆر شتی تر وەک جل دەبەر کردن، ئەخلاق، ئایین و... هەر وەک زمان تایبەت بە مرۆڤە، بەڵام بۆچی ناوترێ کە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئەخلاقی یا ئایینیە؟ دەڵێن بەو هۆیە کە زمان کە بە پێچەوانەی

گشت خاڵەکانی تر هەرچەند لە ناو کۆمەڵگا دا بوونی هەیە بەڵام دیاردەیەکی سەداسەد کۆمەڵایەتی نیە. بەڵکو بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی زمان و میکانیزمی فێر بوون لە ڕێگای [تکاملی] سروشتی مرۆڤەوەیە کە لە پرۆسەیەکی زەمانیی دوور و درێژدا دروست بووە و ئەمڕۆ بەشەر بەم شێوە کەڵکی لێ وەردەگرێ. یەعنی وەک گەنجینەیەک لە دایک و باوکەوە دەگاتە بەرەی داهاتوو و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کامڵ بوونی مناڵ دا خۆی دەنوێنێ. بۆ نمونە، هەر وەک ئەو دەمەی کە مناڵ لە چەند قۆناغی جیاواز و لە پرۆسەیەکی زەمانی دا فێری ڕێگا ڕۆیشتن دەبێ، هەر بەم شێوەیەش لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بڕوانینە پرۆسەی فێر بوونی زمان، منال لە چەند قۆناغی جیا جیا دا فێرە ئاخافتن دەبێ کە ئەساسەن ئەم پرۆسەیە لە ساڵەکانی نێوان یک تا چوار ساڵی دایە کە بناغەی زمانی زگ ماکی دادەڕێژرێ. ئەگەریش فێر بوونی زمانی مناڵ لە تەک ڕێگا ڕۆیشتن و مەلە کردن دا هەڵسەنگێنین، دەبینین کە زۆرتر لە ڕێگا ڕۆیشتن دەچێ تا مەلە کردن. چون فێر بوونەکەی پێویستی بە فێر کردنێکی ئاگاهانە نیە و لە لایەکی ترەوە، لە تەمەنێکی دیاری کراو دا خۆ دەنوێنێ و قۆناغەکانی کامڵ بوونی بە نەزم و تەرتیبێکی تایبەتەوە تێپەڕ دەکا. هەڵبەت ئەوە ڕاستە و جێگای سەرنجە، بەڵام ئایا فێر بوون و کامڵ بوونی زمان خۆی لە خۆی دا، سەرەڕای سەلماندنی ئەم باسەی سەرەوە، ناتواندرێ لە هەمان کاتیش دا وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش سەیری بکرێ؟ لە ناو فەیلەسوفەکان دا "ئەزموون گەراکان" و لە ناو دەروونناسەکانیش دا "ڕەفتارگەراکان" پێیان وایە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و لە پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵگا دایە کە گەشە و نەشە داکا. هەر بۆیە بە پێی جیاوازی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، شێوە ئاخافتن و تەنانەت نەحو و تایبەتمەندیە ئاواییەکانیش دەچنە ژێر کاریگەری جیاوازیی نێوان کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە. ئێمە هەر لە سەرەتای باسەکە ئاماژەمان دا کە نیشانە، زمانیش وەک یەکێک لە نیشانەکان، بەردەوام لە حاڵی گواستنەوەی مانا دایە و تەعبیری گواستنەوەی ماناش بەرانبەرە دەگەڵ شرۆڤەی ئێمە لە "پێوەندی". ویتگێن ئیشتاین دەڵێ: "مانای پێوەندی بەرانبەرە دەگەڵ مانای زمان". کەواتا زمان وەک ئامرازی پێوەندی نێوان مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. تەنانەت ئەگەریش زمان بەشێک لە ژێنێتیک بێ و لە ژێر کاریگەری زەمان دا کامڵ بووبێ، ئەم کامڵ بوونە کامڵ بوونێکی ئاسایی نیە. لە هەموو شوێنێکی دونیا دا مرۆڤ لە کاتێکی دیاری کراو دا پێ هەڵدەگرێ و قەتیش گۆڕان بەسەر شێوە ڕێگا ڕۆیشتنی دا نایە (لەو کاتەوە کە ڕێگا ڕۆیشتن بە تەکامول گەیوە). بەڵام، سەبارەت بە زمان ئەم مەسەلە بە هیچ جۆر وا نیە و هەر وەک کوتمان شێوەی قسە کردن و پێکهاتەی نەحوی و

ئاوایی و... ی زمان وابەستەی ئەوەیە کە مرۆڤ لە کام کۆمەڵگادا و لە چ قۆناغێکی زەمانی دا خەریکە هەڵس و کەوت لە تەک دیاردەی زمان دا دەکا. بۆ وێنە چەند سەدە (تەنانەت چەند دەیە) لەمەوبەر مرۆڤ هەر بەم شێوەی ئەمڕۆ ڕێگای دەبڕی، بەڵام بە ڕاستی شێوە ئاخافتن و هەڵس و کەوت لەگەڵ زمان هەر هەمان شێوەی ئەو سەردەمە؟ ئایا شێوەی قسە کردن لە کۆمەڵگایەکی پیشەیی جیاوازی نیە دەگەڵ کۆمەڵگایەکی وەرزێڕی دا؟ کەوابوو، زمان هەر ئەوەندە کە سروشتیە، هەر بەو ئەندازەش (بگرە زیاتریش)، کۆمەڵایەتیە. بەڵام ئایا دەست نیشان کردنی زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامرازی پێوەندی بە چ مانایە؟ پۆل ڕیکۆر دەڵێ: "گەورەترین مەترسی کلتووری ئەوڕۆی ئێمە دابەزاندنی زمانە تا ئاستێکی زۆر نزم، کە تەنیا وەک ئامرازی چاودێریەکی وەستایانە بەسەر دیارەکان و مرۆڤ دا چاوی لێ دەکرێ. زمان کە بوو بە کەرەستە، ئیتر پێش ناکەوێ. مەبەستی ئەم وتارە هەر وەک مەبەستی ڕیکۆر زمان بە مانای "زمانی نووسینە"، زمانێک کە لە بەرز و ناسکترین ئاستی خۆی دا پێی دەکوترێ "ئەدەبیات". زمانێک کە شێوەیەک لە سەربەخۆیی بە نیسبەت ئاخافتن تێدا دەبینرێ و ئەو ئیزنە بە دەق دەدا کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، تەنانەت دوای مردنی نووسەرەکەش هەر بژیت و بەردەوام بێ. جیهانێک کە بە نووسین بە ڕووی مرۆڤ دا دەکرێتەوە جیهانێکە بە ئاسۆیەکی نادیارەوە، لە حاڵێک دا کە وت و وێژ لە جیهانی ئاخافتن دا بە بیسەر گرێ دراوە. نووسینی ئەدەبیش حیکایەت دەخوڵقێنێ، جیهانی ئیمکاناتەکان و لە ئاکام دا ئاسۆیەک بە ڕووی ڕاستی دا دەکاتەوە. هەست و تێگەیشتنی ئێمە لە ڕاستیەکان و لەم جیهانە حیکایەتیە بە چەند ڕەهەند و جۆری توێ توێ بە یەک دەگەن. نووسینی ئەدەبی نەتانیا لە ئاست ئاخافتن دا بەڵکوو لە ئاست شێوە نووسینەکانی تریش دا کە تەنیا و تەنیا وەک کەرەستە بەکار دەهێندرێن و دڵی زمان تێیان دا لە وەستان دەکەوێ و پێش ناکەوێ، جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە. لە نووسینی داوانامەیەک ڕا بگرە تا فەرمانی سەرکردەیەکی سەربازی و تەنانەت ئەم بەشە لە نووسینی ئەدەبی کە زەمان دەیسوێ و بە دوای خۆ نوێ کردنەوە دا نیە یا ڕەنگە پتانسیەلی نوێ بوونەوەشی هەر نەبێ، دەچنە خانەی ئەم شێوە کارکردییەی زمانەوە. بەڵام نووسینی ئەدەبی وەک کارگا یا کارخانەیەکی کارا بەردەوام لە حاڵی بەرهەم هێنان دایە. هەر وەک کوتمان، گەورەترین تایبەتمەندی زمانی مرۆڤ خوڵقاندنێکی بێ سنووری مانایيە. ئەگینا زمانی مرۆڤ وەک بەشێک لە نیزامی نیشانەیی بە بێ ئەدەبیات چ جیاوازیەکی هەیە لەتەک نیزامە نیشانەییەکانی تردا! کەوابوو، هێزی ئاخافتن کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، لە ڕاستی دا هێزی بەرهەم هێنان و خوڵقان و بە ڕۆژ کردنەوەی ئەم نیزامە نیشانەییە یە. لەم کارخانە

دا بەردەوام مانا، شێوەی پێوەندی، تەنانەت نەحوی زمان و سەرجەمی کەرەسەکانی زمان لە حاڵی گۆڕان و نوێ بوونەوە دان و بەرهەم دێنن. هەر بەو پێیەش من پێم وایە "زمان ئەم پانتایەیە کە هزر و ئەندێشە و تەنانەت ژیان و مێژووی مرۆڤ تێیدا دەگورێ". لە پانتای زمان دایە کە خەیاڵ و ئەندێشە بە باڵای یەکتری دا هەڵدەچن و بەرهەم دێنن. هەر ئەم تێکهەڵچوونەیە کە دەبێتە هۆی ناسیاوی سڕینەوە و دەرهێنانی زمان لەو حاڵەتە کلیشەیی و شەرتی کراوەی دا و دەرباز کردنی لەو ئاستە دابەزیوە کەرەسەییەی دا. هەڵبەت هەندێک لە فەیلەسوفەکانی وەک ڕیکۆر و هایدەن وایت و... پێیان وایە ئەم پێناسە کردنە لە ئەدەب پانتاییەکی زۆر فراوانر لە شێعر و چیرۆک دەگرێتە بەر و سەرجەم مێژووی مرۆڤ دەچێتە ژێر سێبەری ئەم بەرهەم هێنانەوە. تەنانەت بۆ مێژووش وەک تیۆرێکی ئەدەبی دەڕوانن و دەڵێن: "بەو جۆرەی کە مێژوو نووسان ڕووداوەکانی ڕابردوو دەنووسنەوە، هەر ئەوەندە خوڵقێنەرە کە شانۆنامە نووسێک چیرۆکێکی خەیاڵاوی دادەڕێژێ. هەردووکیان هەوڵ دەدەن تا لە هاونشینی ڕووداوەکان مانا بخوڵقێنن و گشتیان لە دەوری یەک کۆ کەنەوە و ئەم پێکهاتە گشتیە ڕێک ئەو هەڵوێستەیە کە ڕێگا خۆشکەری چوارچێوەی داڕشتنە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بە گشتی جێگای باسە جوغرافیای ئەدەب نیە، بەڵکو خودی ئەدەبیاتە لەو پانتایە دا کە تێیدا ساز دەبێ و پێی دەڵێن "زمان". زمانیش هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، هەر ئەوەندەی کە ڕەنگە دیاردەیەکی سروشتی و ژێنێتیکی بێ، بەو ئەندازە زیاتریش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. ئەم پێناسە کردنە لە زمان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە زمان لە ڕەفتاری غەیری زمانی جیاواز و سەربەخۆ نیە و بەردەوام و هاوکات لە لێک خشانێکی مەنتیقی دایە لە تەک بەشەکانی تری ئەم پازێڵەی بە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەیناسین. ئەم ڕێکخشانە مەنتیقیە بەو مانایەیە کە زمان وێڕای ئەو شۆێن دانەریەی کە بە هۆی بەرهەم هێنانیەوە هەیەتی، هاوکات شوێن وەردەگرێ لە کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان. ئێمە کوتمان کە هۆی کۆمەڵایەتی بوونی زمان، جیاوازی کات و شوێنێکە کە زمان تێیدا خەریکی بەرهەم هێنانە. شرۆڤەی ئەم باسەش کردنەوەی دەلاقەیەکی ترە بە ڕووی زمان دا و هەڵسەنگاندنی هەڵس و کەوتی زمانە نەک لەگەڵ خۆی دا، بەڵکو دەگەڵ دونیای غەیری زمانی دەور و بەری دا کە پێی دەکوترێ "کۆمەڵناسی زمان". مارکس دەڵێ: "شێوەی بەرهەم هێنانە کە پێکهاتەی پێوندیە کۆمەڵایەتیەکان دەست نیشان دەکا". ئەوەش بەو مانایەیە کە سیاسەت و زمان و کلتوور و ئەدەب کارکردێکی پلە دوویان هەیە و ئابووری وەک بناغە و بنەمایە. بە وتەی مارکس کە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بە چەند دەورە (کۆیلەداری، ئاغا و نۆکەری[فیێۆدالیزم]، سەرمایەداری) دەست نیشان دەکا کە

لە هەر کامێکیان دا پێکهاتەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ژێر مەجموعەی نیزامە ئابووریەکانی قۆناغەکانی خۆیان بوونە. واتا گوتاری زاڵی سیاسی، کلتووری و ئەدەبی و.... لە ڕاستی دا هەمان گوتاری زاڵی ئابووری بووە و هەیە. هەر وەک باس کرا، نووسین بە گشتی و نووسینی ئەدەبی بە تایبەتی، ڕەفتارێکی ئیرتباتیە و ئەم پێوەندیەش هەر لە ژێر کاریگەری پێوەندی ئابووری دایە و لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە. لێرەدا دەتوانین ئەدەب لە دوو گۆشەنیگا ڕا شی بکرێتەوە:

١. وێژە وەک بەرهەم هێنەر؛
٢. وێژە وەک [م×رف كننده]

١. وێژە وەک بەرهەم هێنەر: زیاتر لە هەموو شوێنێک ئەم باسە کە "زمان زیاتر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە" و بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێ، لێرەدا ڕەنگ دەداتەوە. مارکس گەرەکیەتی بڵێ مێژووی ژیانی مرۆڤ مێژووی چینەکانە و ئەم چینایەتیەش بۆتە هۆی مشت و مڕ و تێکهەڵچوونی ئەو چینانە کە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ هەن. چون لە پەنا ئەوەش دا مێژووی ژیانی مرۆڤ مێژووی هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی دنیایەکی باشتر. یا باشترە بڵێین مێژووی ژیانی مرۆڤ مێژووی هەوڵی چینەکان بۆ سازدانی دونیایەکی دوور لە ڕەفتار و پێوەندی چینایەتی. ئەم هەوڵ و تێکۆشانە دەتوانێ لە خولیای سازدانی شۆڕشێکی جیهانی دژ بە ژیانی چینایەتی تا خوڵقاندنێکی ئەدەبی دا ڕەنگ بداتەوە. هەڵبەت کاتێک کە باس لە "چین" دەکەین، مەبەست گشت چینە کۆمەڵایەتیەکانی وەک چینی جەندەری و ئایینی و... یە کە گشتیان ژێر مەجموعەی نیزامی ئابوورین. کە وابوو وێژە و ئەدەبیش لە ڕاستی دا کەڵکەڵەی زەینی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگان لە قوناغە جیاجیاکان دا و لە خوڵقاندن دا نووسەر و ئەدەب و زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە پێوەندیەکی بێ سنوور دان لە تەک کۆمەڵگا و ئەو چینە دا کە خۆی بەشێک لە ئەوە.

٢. وێژە وەک [م×رف كننده]: لە پێوەندی نێوان کۆمەڵگای جیهانی و چینە جۆراوجۆرەکان دا، بێ گومان مرۆڤ بە پێی پلە و پایەی خۆی لە دونیای دەوروبەری شوێن وەردەگرێ. شوێن وەرگرتن یەعنی پێوەندی و پێوەندی ئەدەبی هەستیارترین و ناسک ترین بەشی پێوەندی نێوان مرۆڤە. بەم هۆیە کە هەر وەک کوتمان، لە زمانی ئەدەبی دایە کە نیشانەکان دەگوازرێنەوە ناو هەست و نەستی نووسەر و ئەندێشە بەرهەم دێ و دونیایەکی تازە بە ڕووی وشە و بیر و مرۆڤ دا دەکرێتەوە. هەر بۆیە پێوەندی گرتنی ئەدەبی بە مانای پێوەندی نیشانە و خەیاڵ و ئەندێشە جۆراوجۆرەکانە کە بەر لەم پێوەندیە هەر کەسە و خۆی لە خۆی دا خەریکی خوڵقاندن و بەرهەم هێنانی مانا و بە وێنە کێشانی کەڵکەڵەکانە و بەر یەک کەوتنی ئەوان لەگەڵ یەکتری دا دەشێ بەرخوردێکی ئاگاهانە و بە پێی گەلاڵەیەکی دیاری کراو بێ..

›› لاپەڕە ٩

# هیلالی شیعە،هیلالی شیعە لە خەونە وە بۆ کابوسێکی گەورە




دواڕۆژ

هیلالی شیعە کە وەک هاوپەیمانێک لەلایەن دروستکەرانی پێناسە دەکرێ لە راستیدا بزووتنەوەیەکی سیاسی– ئاینی تیرۆریستیە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە پیلانی دروستکردنی داندراو سپای قودسی بۆ بەکردەوە دەرهێنانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەسپێرێ. ئەم هیلالە لەڕووی جوگرافییەوە لە ئێرانەوە دەستپێدەکات و وڵاتانی سوریە و عێراق و لوبنان و بەشێک لە هیندوستان، پاکستان وبەحرێن و هەروەها ڕۆژهەڵاتی سعودیەو بەشێک لە تورکیە و ئافریقا لەخۆدەگرێت، کە بێگومان لەم وڵاتانەدا تارادەیەکی زۆر شیعەکان دەسەڵات بەدەستن و ڕۆڵی سیاسی سەرەکی دەگێڕن. کۆماری ئیسلامیی لە دوای هاتنە سەرکاری خۆی بە بەردەوامی هەوڵی داوە پەرە بە دەسەڵاتی خۆی لە جیهانی عەرەبدا بدات. بەهێزترین ئامرازی دەستی ڕژیمی ئێران بۆ بەکردەوە دەرهێنانی پلانی هیلالی شیعە، جەماوەری شیعەی ناو ئەو وڵاتانەیە کە ئاماژەیان پێکرا. کۆماری ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە دەیهەویست کە شادەماری رەوتە سیاسییەکانی شیعە لە ناوچەکەدا بەدەستەوە بگرێت و هەنگاو بۆ بە دەوڵەتکردنی ئەو گروپ و لایەنانە هەڵێنێت و بەمجۆرە هاوکێشەی هێز لەنێوان شیعە و سوننە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت.کۆماری ئیسلامیی دوای شکست و ناکامی لە شەڕی هەشت ساڵەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و نۆشینی جامی ژەهر، کە نەیتوانی بوو لە ڕێگای ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەوە بیروباوەرە قیزەونەکەی خۆی کە هەمان گەشەی ئیسلامیی شیعە بوو، هەناردەی دەرەوەبکات ، دەست بە دروست کردن و ڕێکخستنی دەستە و تاقمی تیرۆریستی لە هەموو جیهان دادەکات .رژیمی کۆماری ئیسلامیی ٣ ئەرکی سەرەکی لە بەردەم پیلانی دروست کردنی ئەم هیلالەدا، دەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی :لەنێوبردنی شوێنەواری ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامیی شیعە لە ناوچەکەداو شەرڕ لەگەڵ ئەو وڵات و نەیارانەی کە دژی کۆماری ئیسلامیی و دەسەڵاتەکەی شەڕ دەکەن.ئەم گروپ و تاقمانەش دەبێ بە کردەوە بەم دوو ئامانجە خزمەت کەن کە مەبەستی سەرەکی رژیمە : یەکەم :ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و نانەوەی تۆوی دوو بەرەکی لە نێوان ئایینە جۆراوجۆرەکان ونائەمنکردن و کوشتن و ڕفاندنی نەیارانی سیاسی و شەڕ لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان. لە راستیدا سپای قودس، حیزبوڵای لوبنان، حەشدی شەعبی، حەماس، ئەنساروڵای یەمەن، ڕیکخراوی بەدر، لەشکری زێنەبییون و لەشکری فاتمییون، سەرای ئەلاشتەر و سەرای ئەلموختار ئەو رەوت و ڕێکخراوانەن کە هیلالی شیعە پێکدێنن . سپای پاسداران دوای دامەزراندنی لەلایەن وەلایەتی فەقییەوە ئەو مەجالەی پێدرا کە لە پاڵ پەرەپێدان بە چالاکییەکانی خۆی لە بواری قاچاغی ماددە هۆشبەرەکان و کوشت و بڕی ناڕازیان و سەرکووتکردنی کۆمەڵانی خەڵک ، دەست بەسەر دەیان ئیسکلە و فرۆکەخانە و دەروازەی سنووری دا بگرێت و کاڵای جوارۆجۆر قاچاغ بکات. سپا لە جەریانی چالاکیەکانی ئابووری خۆیدا، دەستی بەسەر چەندها گەڵاڵەی دەیان میلیارد دۆلاری لە بواری نەوت و گاز و پێترۆشیمی دا گرتوو و بوو بە گەورەترین هێزی ئابووری و پەیمانکاری لە ئێران و ناوچەکە. سێ بواری چالاکی سپا وەک کۆڵەکەی پاراستنی کۆماری ئیسلامیی چ لە ناوەی ئێران وچ لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران بریتین لە : بەشدار لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێران و بارهێنانی چەکدارو مەشق پێکردنیان و سازماندانیان لە ناو ئەو گروپانەی کە لە ریزی هیلالی شیعەدان . سێهەم، بردنەسەرەوەی توانای رژیم لە بواری چەک و چۆڵ و تێکنۆلوژی شەڕدا و تیکۆشان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی و هەناردەکردنی سیاسەتەکانی ڕژیم بۆ ناوچەکە کە لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیی وپرۆژەی بەهێز کردنی هیلالی شیعە دایە .کۆماری ئیسلامیی مەبەستێتی هەژموونێکی گەورە لەناوچەکەدا بۆ خۆی دروست بکات تا لە رووی ئابووری و سیاسی و کەلەتوورییەوە ،هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و هەژموونی سوونە لاواز بکات و دەستی ئامریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا کورت بکاتەوە. سیاسەتی بەهێزکردنی تاقمە نیابەتییەکان ولاوازیان وکوژرانی هەرکام لە سەرکردەکانیان، خەونەکانی کۆماری ئیسلامیی کردە کابوسێکی گەورە. ئیسرائیل دوای لەناوبردنی تواناییەکانی حەماس و حزبوڵا بە هاوپشتی ئامریکاو رۆژئاواییەکان خوازیاری گۆڕانی سیستەمی سیاسی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەبێ کۆماری ئیسلامیی. پرۆژەی قێزەونی هیلالی شیعە بە بنبەست گەیشتووسەرکەوتنەکانی دەوڵەتی ڕەگەز پەرەستی ئیسرائیل بە تەواوەتی ئێرانی سووک و روسوا کردوە. هێرشی بێ ئاکام و ڕاستەوخۆی مووشەکی بەرەو ئیسرائیل، پشتیوانیی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆ ئیسرائیل زیاتر کردو کۆماری ئیسلامیی ریسواتروخستێ قوڵایی کێشەکانەوە. ئەمەش ڕێگای بۆ سەپاندنی سیاسەتی هێرشی بەرین بۆسەر ئێران و ناوچەکە خۆش کرد. ململانیەکانی نێوان دوو ئایینی یەهوودی و ئیسلامیی، کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە گرێپوچەکەیەکی ئاڵۆز. ئەم شەڕو پێکدادان و ماڵوێرانێ لە ژێر هەر ناوێکدا بێ لە بەرژەوەندی خەڵکدا نیە. ئەم شەڕە، شەڕی دەسەڵاتە وبەهێزکردنی دەوڵەتانێک کە باوەریان بە هیچ گۆڕانکاری و دیمۆکراسێک نیەو تەنیا لە ژێر ناوی ئایین ژیانیان بۆ خەڵک کردۆتە دۆزەخێکی گەورە.

---

## نــەمـــران



ئێوە ئەو ئەستێرە کەشانەی ئاسمانی
چەوساوانن هەتا شەو ڕەش و ڕەشتر
بێ ئێوە هەرکەش و کەشترن

### نەمر خالید دانیشپەژوو

نەمر "خالید دانیشپەژوو"

کوڕی "حاجی کەریم" و یای "زێنەب عەبدوڵاپوور" لە ڕێکەوتی ١٣٣٦/٦/٢٥ لە مەهاباد لەدایک بووە. هەر لەو شارە خوێندنە سەرەتاییەکانی تەواو کردووە و پاشان بڕوانامەی فوق دیپلۆم بیرکاری (ڕیا×ی) وەردەگرێ. لە خوێندگا مامناوەندییەکانی (راهنمایی) مەهاباد وەک مامۆستا دادەمەزرێ. کەسێکی هێمن و هێدی بووە. ئازاری بە مێروولەش نەگەیوە. بەردەوام لە خەمی یارمەتیدانی مرۆڤەکاندا بووە. سەرەڕای ئەوەیکە لە کوردایەتیدا نوقم بووە بەڵام ئەندامی هیچ حیزب و لایەنێک نەبووە.

١٠ ڕۆژ پێش ئەوەی دەسبەسەری بکەن زەماوەند دەکات و بووکی سووری بۆ دێت. ماڵیان لە نیزیک ناوەندی ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنی مەهاباد بووە. لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٩ لەلایان یەک لە حیزبە کوردییەکانەوە هێرشێکی قوورس دەکرێتە سەر ئەو ناوەندە. لەپاش کۆتایی هاتنی شەڕەکە پاسدارەکان دەڕژێنە ناو ماڵەکانی دەورووپشتی ناوەندەکە و چەند لاوێکی بێتاوان دەگرن. پاشی جەزرەبە و ئازارێکی زۆریان، هەندێکیان بەردەدەن. لە کاتی لێکۆڵینەوە بۆیان دەردەکەوێ کە برای نەمر خالید، پێشمەرگەیە. ئیتر ئەوەندە بەس دەبێ بۆ ئەوەی تۆڵەی شکەستەکانی خۆیان لە نەمر خالیدی بێتاوان بکەنەوە و پاشی ٤٠ شەو و ڕۆژان ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، لە ڕێکەوتی ١٣٥٩/٨/١٨ لە ورمێ فیشەکبارانی دەکەن و تەرمەکەی هاوڕێ دەگەڵ تەرمی سێ کەسی تر لە مردووشۆرخانەی مەهاباد فڕێدەدەن کە لەلایان بنەماڵەکانەوە دەناسرێنەوە. ناوی ئەو سێ نەمرەی تر ئاوان:

١. کەریم ئیراندووست.
٢. حوسێن نەغەدەیان. (لە تێرمینالی مەهاباد بلێتی دەفرۆشت)
٣. یای فەخری شەیدایی. خەڵکی سەردەشت بووە. کە پاشان تەرمەکەیان بردەوە بۆ سەردەشت.

کاتێک بنەماڵەکەی نەمر خالید تەرمەکە دەستێننەوە، بەسەر دیمەنێکی دڵتەزێندا دەکەون. بەداخەوە ئاسەواری ئەشکەنجە بە هەموو جەستەیەوە دیار بووە. هەموو لەشی شین و ڕەش بووەتەوە. شکانی ئێسک بە پەراسوو و دەست و لاقییەوە دیار بووە. نینۆکەکانی هەموو دەرکێشراون. بە سیغاران دەست و سینگ و پشتیان سووتاندووە. ناوی جەللادەکەی پاسدارێک بووە بە ناوی "هوشەنگ" کە لە مقەڕی ڕادیۆ تێلێڤیزیۆنی مەهاباد دەبوو. بەداخەوە لەوە زیاتر زانیاری لەسەر ئەو جەللادە لەبەر دەست دا نییە.

لە دوا ڕۆژەکانی پێش تیرەبارانکردنی، لەسەر کوتەکاخەزێک چەند دێڕێک بە زمانی فارسی وەک وەسیەتنامە دەنووسێت بەو شێوەیە:

(بابە گیان و دایە گیان، بمبوورن کە نەمتوانی بۆ جارێکی تر بتانبینمەوە. من باوەڕم بە خودای خۆم هەیە و وەک ڕۆژی گەش لێم ڕوونە کە شەهیدم بۆیە تکاو لێدەکەم فرمێسکم بۆ مەڕێژن. سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەمان و پێیان بڵێن کە گەردنم ئازا کەن.

خەجیج گیان زۆرم خۆشدەوێی. زۆر بەداخم کە نەمتوانی بەختەوەرت کەم. بە خودات سوێند دەدەم کە بۆم مەگری. داهاتوویەکی باش و چاکت بۆ بە ئاوات دەخوازم. تەنیا یەک داوام لێت هەیە کە بمبووری کە وەک تازەبووکێکی یەکمانگە خۆشیت لە خۆت نەدیت. دایە گیان ماڵئاوا. مناڵەکان ماڵئاوا. بە دووکانی سیڕاجی [؟...]١١٠ ڕیاڵ قەرزدارم. بە عەزیمەش بڕی ٥٠٠٠ ڕیاڵ قەرزدارم.

ئیتر خۆشیتان

**ماڵئاوا**

**خالید دانیشپەژوو**

**٥٩/٨/١١**

**کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ)**

**ڕۆحیان شاد و یادیان هەرمان**

**ئەو بیرەوەرییە لە ماڵپەڕی ناوەندی نەمران وەرگیراوە:**
**www.nemiran.com**

# ڕۆژژمێری دەسپێکی شۆڕشێک



ئا:محەمەد حەکیمی

**بەشی دووەم:**

"موژگان ئفتخاری" دایکی ژینا، لە حاڵێکدا هێشتا شوکی مەرگی ژینا بە سەروچاویەوە بە جوانی دەبیندرا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی؛ ڕابە ژینا، خەڵک بۆ لای تۆ هاتون.

ژنان لە ناشتنی تەرمی ژینادا لە حاڵێکیا روسەریان لە سەر دادەگرت و لە ئاسماندا دەیانچەرخان بۆ یەکەمین جار دروشمی ژن ژیان ئازادیان وتەوە ئەو دروشمە بوو بە رەمزی شۆڕشی ساڵ ١٤٠١ی هەتاوی. دواتر خەڵک سەرقەبرانیان بەرەو ناوشاری سەقز بە جێهێشت. خەڵک لە بەردەم فەرمانداری شاری سەقز کۆبوونەوە وەدەستیان کرد بە دورشم وتنەوە بە دژی ڕژیم و هەموو یاساکانی.

هێزە ئەمنیەتیەکان کە پێشتر هەموو ناوشاریان میلیتاریزە کردبوو، دەستیان کرد بە سەرکوتی خەڵک و بە گازی ئەشکاوەر و چەکی ساچمەیی تەقەیان لە خەڵکی ڕاپەریو دەکرد. هەر لە بەردەم فەرمانداریدا لانیکەم ١١ کەس بریندار کران. ناوی سێ کەسیان بریەتی بوون لە نەچیروان مەعروفی ١٨ساڵی و خەڵکی سەقز، محەمەد پارسا و کیان درخشان بریندار کران و بەداخەوە کیان درەخشان چاوێکی لە دەستدا.ناڕزایەتیەکان درێژەی کێشا و وردە وردە هەموو ناوشاری گرتەوە و تا ئێوارە درێژەی هەبوو، شاری سەقز بوو بە بوشکەی باروت و بۆی گازی ئەشکاوەر و تەقەی تفەنگ لە هەموو ناوشار دەبیسترا. دواتر ناڕزایەتیەکان پەرەی سەند و شارەکانی سنە، خەڵک ڕژانە سەر شەقام . شەقامەکانی فردەوسی، ئینقلاب، دەور مەیان، شەشی بەهمەن، حەسەن ئاوا و وردە وردە هەموو شاری سنەش هاتنە سەر شەقام و شۆڕش وێنەیەکی دیکەی بە خۆیەوە گرت. لە شاری سنە خەڵکی ناڕازی هاواریان دەکرد سەقز تەنها نییە سنە پشتیوانیە. لە سنەش هێزە ئەمنیەتیەکان زۆر زوو دەس بە کار بوون و هێرشیان کردە سەر خەڵکی ڕاپەڕیو و ژنانیش بە نیشانەی ناڕزایەتی لە بەرانبەر پولیس و هێزە ئەمنیەتیەکان وەستانەوە. لە شاری سنەش ناڕزایەتیەکان تا درەنگانێکی شەو درێژەی کێشا و دۆخەکە لە دەس هێزە ئەمنیەتیەکان دەر چ بوو و خەڵک بە کردنەوەی ئاگر شەقامەکانیان گڕدابوو و شار یەکپارچە ئاور بوو و هەموو شەقامەکان و تەنانەت کولانەکانیش داخرابون.

لە یەکەم ڕۆژی بە خاکسپاردنی ژینا هەشتەگی #ژینا ئەمینی لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەکوو تویتر و ئینستاگرام و ... بوو بە برەندی یەکەم. ئەم هەشتەگە لانیکەم تا دوو مانگ هەموو تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تەنیەوە و ترەندی یەکەمی هەموو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بوو و بۆ یەکەم جار ناوێک لە تویتر زیاترین هەشتەگی خوارد بێت. تا بەرواری ٢ی خەزەلوەری ١٤٠١ی هەتاوی لە تویتێر لانیکەم ٣٠٠ میلیون جار #ژینا ئەمینی هەشتەگی خوارد. هەر لەو ڕۆژەدا یەکێتی ئازادی کرێکاران، شورای هماهنگی فەرهنگیان، سندیکای کرێکارانی واحیدی تاران، کانوونی نووسەرانی ئێران و ژمارەیەکی دیکە رێکخراوی کرێکاری و مەدەنی سەربەخۆی ناوخۆی ئێران لە چەند بەیانییەی جیادا کوژرانی ژینایان بە توندی ئیدانە کرد.

٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سنە، کرماشان، ئیلام و ورمێ چەندین بەیانیە سەبارەت بە مانگرتنی گشتی دەرکرا و لە پاڵ ئەوەشدا خەڵک ڕۆژانە لە سەر شەقام مابونەوە و شەقامەکانیان چول نەکردبوو. ناوەندی هاوکاری حزبەکانیش بەیانیەیەکی هاوبەشیان بۆ مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندان بە دژی ڕژیم دەرکرد.

خوێندکارانی زانکۆی شەریف، ئەمیرکەبیر و چەن زانکۆی دیکە بۆ کۆبوونەوە و دەربرینی ناڕزایەتی بە مەرگی ژینا لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە خوێندکاران کرد کە بە کۆبوونەوە و مانگرتن ناڕزایەتی خۆیان لەو دۆخەی کە دژ بە ژنانی ئێرانی ڕوویداوە و دەدات بگرن. گرووپێک لە خوێندکارانی زانکۆی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا سرودی "همراه شو عەزیز"یان خوێند و خوێندکارانی ناڕازی کاغەزگەڵێکیان بە دەستەوە بوو و کە لە سەریان نووسرابوو ژینا ئەمینی ئێمە نامانەوێ بمرین، من ناڕزایەتی خۆم دەردەبرم، ژینای گیان نەمردویت و ناوت دەبێت بە رەمز.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕۆژەوە بۆ ساتێکیش شەقامیان بە جێ نەهێشت و لە هەموو شار و شارۆچەکان و ئاوایەکان هەر کەس و بە شێوەیەک ناڕزایتی خۆی دەردەبری و شەقامەکانی کوردستان لە ئیلامەوە تا خۆی و ماکو بە خوێنی گەنجانی کورد سوور ببوو و لەو چەن ڕۆژەدا دەیان کەس بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنیەتی و لیباس شەخسیەکانی رژیم لە دەست دا و بە سەدان کەس بریندار و بە هەزاران کەس لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە ڕفێندران، بەڵام شۆڕش هیچ جۆرە ئارامی و بێدەنگی بە خۆیەوە نەبینی. ڕەئیسی جنایەتکار زەنگی بۆ بنەماڵەی ژینا دا و قەولی پێدان کە دوسیەکەی ژینا وەک دوسیەیەکی تایبەت بخەنە بەر لێکۆینەوە و توێژینەوە، و لەم ناوەدا هەرەشە و گوشارێکی زۆریش لەسەر بنەماڵەی ژینا هەبوو کە بە پشتیوانی خەڵک هەموو ئەو هەرەسانە پووچەڵ کرایەوە. هەر لەو کاتانەدا گرۆپێک لە چالاکانی ژنانی لە ئێران بەیاننامەیەکیان بە سەردێری تۆ نامریت و ناوت دەبێتە رەمز بۆ کۆبوونەوە لە ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان بڵاو کردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ هاودەنگی وبە نیشانەی ناڕزایەتی دەربرین قژی سەریان بڕیی و ئەو کارە زۆر زوو هەموو جیهانی تەنیەوە و تەنانەت ئەکتەرە بەناوبانگەکانیش بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی قژی خۆیان قرتاند. ئاناهیتا هێمەتی . ئەکتەر، روسەری خۆی لابرد و بە گرتنی ویدئۆیەک بە سەردێری بۆ ژینای ئێران قژی براوی خۆی بڵاو کردەوە.

هەر لەو ڕۆژەدا لە دەرەوەی وڵاتیش لە لاتە جۆڕاوجۆرەکان چەندین بەیانیە بۆ کۆبوونەوە و ناڕزایەتی دەربرین بە کوژرانی ژینا ئەمینی بڵاو کرایەوە.

لە بەرەبەیانی ٢٧ی خەرمانای، شارەکانی سنە و کەرەج شاهدی ناڕزایەتی دەربرینی بەربڵاو بە دژی دەسەڵاتی دژە ژن بوون. لە شارەکانی دیواندەرە دێولان، سەقز، سنە و کرماشان و کامیاران و ئیلام شاهدی هاتنە سەر شەقامی کچان و کورانی خوێن گەرمی کوردستان بوو و لە ئاکامی ئەو تەقەکردنانەی هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم فواد قەدیمی لە دیواندەرە و فەریدون مەحمودی لە شارەی ژینا و موحسێن محەمەد و رەزا لوتفی گیانیان بەخت کرد.

هاوکات لە رۆژی ٢٨ی خەرمانان زانکۆکانی پلی تکنیک، ئەمیرکەبیر، عەلامە تەباتەبایی، هونەر، تەربیەتی مودەڕێس، بهستی تاران و ئسفەهانیس دەستیان دایە کۆبوونەوە و مانگرتن و بە درۆشمی "دەیکوژم، دەیکوژم ئەو کەسەی خوشکەکەمی کوشت و کوشتن بۆ روسەر، تا کەی وەها قوربەسەریەک" هاتنە ناو حەوشی زانکۆکان و ...

ڕۆژی ٢٩ی خەرمانان ١٤ ڕێکخراوی خوێندکاران داوای هەلوەشاندنەوەی "گەشتی ئێرشاد و پولیسی ئەمنیەت ئەخلاقی"یان کرد کە ئەو دوو دامەزراوە یەکێکن لە گرنگترین دامەزراوەکانی سەرکوتی خەڵک لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران .

لە ڕۆژی ٢٩ی خەرمانان گڕی شۆڕش وردە وردە هەموو شارەکانی ئێران گرتەوە و تاران، تەورێز، مەشهەد و ئسفەهان و شیراز و چەندین شار و پارێزگای دیکەشی گرتەوە و ڕژیم توشی شوک بوو.

هەر لە یەکەم رۆژەکانی شۆڕش زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی زانکۆ و لێکۆلەرەو کەسایەتیەکان بەیاننامەێکیان سەبارەت بە مەرگی ژینا بڵاو کردەوە و بە توندی کوژرانی ژینایان ئیدانە کرد. ناڕزایەتیەکان لە هەموو شارەکانی ئێران بەردەوام بوو و شەوانە لە ناو ماڵەکانەوە مەرگ بۆ دیکتاتوریان دەوتەوە.

ژنانی زیندانی لە زیندانەکانی ڕژیم لە ناو زیندان پرسەنامەیان بۆ ژینا دانا و لەو ناوەدا "عالیە مەتلەب زادە" وێنەگر و رۆژنامەوانی زیندانی لە نامەێکدا نووسیویەتی ژینا یەکەمین و ئاخرین قوربانی نەبوە و نابێت. بەراستی ژینا بە تاوانی کامە گوناحەوە کوژرا؟

هەر لەو ڕۆژەدا ئەمجەد ئەمینی باوکی ژینا وتووێژێکی لەگەڵ نازیلا مەعروفیان رۆژنامەوان ئەنجام دا کە لە "رویداد ٢٤" بڵاو کرایەوە کە دواتر بە هۆی گوشاری هێزە ئەمنیەتیەکان ئەو وتووێژە پاک کرایەوە و نازیلا مەعروفیانیش بە هۆی ئەو وتووێژە دەستگیر و زیندانی کرا.

هەموو بەرپرسانی و سەرۆک کۆمار و چالاکانی مەدەنی و کەسایەتیەکان داوای لێکۆلینەوەی سەربەخۆیان دەکرد بۆ لێکولینەوە لە مەرگی ژینا. هەر لەو ڕۆژەدا "نیکا شاکەرەمی، تاران، مینو مەجیدی، کرماشان، فەرجاد دەریشی ورمێ، زەکریا خەیال ئێرانشار و چەندین کەسی دیکەش لە شارەکانی دیکەی ئێران کوژران و...

٣٠ خەرمانان لە زۆربەی شارەکانی ئێران ژنان بۆ دەبرینی ناڕزایەتی روسەریەکانی خۆیان سوتاند. دوای چوار رۆژ لە گیان لە دەسدانی ژینا خەڵک لە سەر شەقامەکان بوون و لە ناو زانکۆکان کۆبوونەوە و ناڕایەتی دەربرین بە شێوە گەڵی جۆڕاوجۆر دەبیندرا و لە زانکۆی زانستی پزیشکی تەورێز بە دروشمی 'هەژاری، گەندەڵی و زولم کردن، ڕووڕەشی بۆ ئەو ڕژیمە" خوێندکاران هاتنە سەر شەقام. ناڕزایەتیەکان درێژەیان کێشا و ئەمجارە بازاریەکانیش پەیوست بوون بە شۆڕش و دوکان و بازاری تاران بە گشتی داخران. جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئینرنێت پچرا، ڕژیم نەیدەتوانی خەڵک بنێرێتەوە بۆ ناو ماڵەکانیان، تورەیی و بێزاری لەو ڕژیمە لە ناو قوڕگی خەڵکی کوردستان پەنگی خواردوەتەوە و بە هیچ شتێک ئەو تورەئی و ... کە بە دەستی ئەو ڕژیمەوە دیویان و کێشاویانە ئارام نەدەبوەوە نابێتەوە.

لە ڕۆژی ٣٠ی خەرمانان کە یەکێک بوو لە خوێناویترین ڕۆژەکانی شۆڕشی ژینا، هێزە ئەمنیەتیەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆ خەڵکی مەدەنی و بێ چەکیان دەکردە ئامانج و هەر ئەوەش بوە هۆی ئەوەی کە دەیان گەنجی چاونەترس و ئازا ببنە قوربانی حەز و ئاواتەکانی دیکتاتۆر. هەموو ئەوانە نەیانتوانی خۆپیشاندانی خەڵک سەرکوت بکەن و هەر سانیە شۆڕش بە شێوەیەک خۆیی تازە دەکردەوە، بۆ نموونە لە گونبەدی کاووس کچان بە کۆمەڵ روسەریەکانیان کە رەمزی حیجابی زۆرە ملێ بوو سوتاند. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ژیناوە هێزە ئەمنیەتیەکان تەقەیان لە سەر و چاوی خۆپیشاندەران دەکرد و ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندەران بەو هۆیەوە چاوی خۆیان لە دەست دا.

ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لە ڕۆژی ٣٠ خەرمانای ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بە دەستی هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم کوژران بریەتی بوون لە؛ ئەمیر حسەین بەستامی کرماشان، سەدرئەدین لیتانی شنۆ؛ میلان حەقیقی شنۆ، ئەمین مەحرفەت شنۆ، غەزاڵە چەلابی ئامول، محەمەد فەرمانی تاران، عەبدوڵڵا محەمەدپوور ئاوایی بالو، موحسین قەیسەری ئیلام، دانش رەهنەما ئاوایی بالو، حەنانە و حسەینعەلی کیا نەوشار، موحسن شەعبان محەمەدی قائمشاه، حەدیس نەجەفی کەرەج، سەعید محەمەد ئیسلام ئاوا، ئەمیر فولادی ئسلام ئاوا، مێهرزاد عەوەزپوور نەوشار، محەمەد حەسەن تورکمان بابول، پارسا رزا دوست هەشگرد، عرفان رەزایی نەوایی ئامول، موحسن مالمیر نەوشر، پدرن ئازەنوش دهدەشت، روزبە خادمیان کەرەج، میلاد زارع بابل، بهنام لایەق پوور رەشت، یاسین جەمالزادە رزوانشار، ساسان قوربانی رزوان شار و ژمارەیەکی بەرچاوی دیکە لە گەنجانی ئێرانی بوونە قوربانی.

هەر لەو ڕۆژەدا حەدیس نەجەفی پێش لە کوژرانی ویدئۆیەک لە خۆی زەبت دەکات و دەڵێت؛ زۆرم پێ خۆشە ئێستە کە خەریکم دەرۆم بۆ خپیشاندان، دوای چەن ساڵ کە تێپەری، دەبێ خۆشحال بم کە چووم بۆ خۆپیشاندان و داوای ئازادیم کردوە.

ڕەشبگیری لە هەموو وڵات بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد و لە درێژەدا شەش چالاکانی ژنی ئەندامی "ژیوانۆی" شاری سنەیان دەستگیر کرد.

لەمناوەدا "گابریل بوریچ" سەرۆکی شیلی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وتی "دەبێ توندوتیژی بە دژی ژنان بوەستێت جگە لەو بە دەیان و سەدان کەسایەتی داوای وەستانی توندوتیژییان دەکرد بە دژی جەماوەری ڕاپەریوەی ئێران و هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ کەسایەتی و ئەندامی لێژنەی زانستی زانکۆکانی ئێران خوازیاری لابردنی حیجابی زۆرەملێ بوون و کۆکردنەوە ئەو ئۆرگان و دام و دەزگایانەی کە پەیوەند بوون لەگەڵ کردەی سەرکوتی خەڵکی ئێران بە تایبەتی ژنان.

هەر لەو ڕۆژەدا لە شاری ئامول لانیکەم ١١ شارۆمەندی ئێرانی بە دەستی هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم کوژران. ئێوارەی رۆژی ٣٠ی خەرمانان، هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم هێرشیان کردە سەر ماڵی "نیلوفەر حامدی" رۆژنامەوانێک کە تەنها تاوانی وتووێژ لەگەڵ باوک و دایکی ژینا بوو و دەستگیریان کرد.

هەر ئەو ڕۆژە ئینترنێت بۆ جارێکی دیکە پچرا و وئەوە یەکەمین پچرانی ئینترنێت بە شێوەی بەربڵاو بوو لە ئێران. پچرانی ئینترنت درێژەی هەبوو و ناڕزایەتیەکان هەموو ئێرانی گرتەوە و هەر تاوێک لە شوێنێک سەری هەڵدەدا و ڕژیمیش بە دەیان هەزار هێزی چەکداری هێنابوە کوردستان و سەرکوتی خەڵکی کورد بە توندی دەستی پێکرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا مەهسا موگویی ١٩ ساڵە و شیرین عەلیزادە کوژران. شیرین عەلیزادە لە ناو ماشینەکەی خەریکی فیلم گرتن بوو کە لەلایەن هێزە لیباس شەخسیەکانی ڕژیمەوە کرایە ئامانج و کوژرا و ناوبراو کاتی مردنی خۆیی سەبت کرد.

لە چوارەمین ڕۆژی خۆپیشاندانەکان ئێنترنت بوونی نییە و ئەو ڕۆژە لە شارەکانی تاران، مەشهەد، شنۆ، بابول، بۆکان، بانە،میاندواو، سنە، رەشت و کۆمەڵێکی دیکە لە شارە و پارێزگاکانی ئێران شۆڕش بەردەوام بوو.

# سەبارەت بە سەربەخۆیی پۆڵەند



ئا: پەرویز رەحیمزادە

**بەشی کۆتایی ....کارل مارکس نامە بە سۆسیالیستەکانی پۆڵەند ٢٧ی سێپتامبری ١٨٨٠**

ئێستا کەسانێکی زۆر ناشارەزا لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەوجۆرەی کە نووسەرێکی فەڕانسەیی رایگەیاند، پۆڵەند چیدی نەتەوەیەکی پێویست نیە و لە ئێستادا تەنیا هەستێکە بۆ وەبیرهێنانەوە. وە بەوجۆرەی دەزانن هەست و خەیاڵ لە بازاڕی بورسدا مانایەکی نیە. بەڵام ئەگەر بپرسیت کە چ شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئایا مەترسیەکان وەلانراون؟ دەڵێم نا و تەنیا کوێری رووناکبیرانەی چینە دەسەڵاتدارەکانی ئوروپا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی.

یەکەم بە پێی دەربڕینی مێژوونووسی فەرمی، کارامسین مسکۆی، سیاسەتی رووسیە مەجالی گۆڕانی تێدا نیە. رەنگە شێوەکارەکان، تاکتیکەکان و مانۆڕەکانیان گۆڕانی بەسەردا بێت بەڵام ئەستێرەی قوتبی سیاسەتەکەی، داگیرکردنی جیهانە وەک پرسێکی هەمیشەیی. لە سەردەمی ئێمە تەنیا دەسەڵاتێکی شارستانی کە بەسەر جەماوەرێکی ترسێندراو حکوومەت دەکا، دەتوانێ پیلانێکی وەها بەڕێوە ببات. وەک چۆن بەناوبانگترین دیپلۆماتی رووسی سەردەمی مۆدێرن " پۆزۆ دی بۆرگۆ " لە کاتی کۆنگرەی ڤیەن بۆ ئەلکساندری یەکەم نووسی، پۆڵەند باشترین کەرەسەیە بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکانی رووسیە بۆ هەموو جیهان، بەڵام پێچەوانەکەشی دژێکی لە بن نەهاتووە بۆ وەستانەوە دژی خۆیان، تا ئەو کاتەی کە پۆڵەندیەکان بە هۆی خەیانەتی کەڵەکەکراوی ئوروپاییەکان ماندوو بن و ببنە کەرەسەیەکی دەستی مۆسکۆ. زۆر باشە، بەڵام جیا لە خواستی خەڵکی پۆڵەند، شتێک بووە دەستێوەردان بکات بۆ ئەوەی بەرپرچی پیلانەکانی رووسیە بداتەوە یا کردەوەکانی ئەوان تووشی شکست بکات؟ پێویست نیە ئەم بابەتە بۆ ئێوە شی بکەمەوە کە رەوتی داگیرکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆسەیەکی هەمیشەیی بووە و شەڕی ئینگلیس و فەڕانسە دژی رووسیە، قەڵای کوێستانی قەفقاز، کۆنترۆڵی زەریای رەش و مافی دەریاوانی رادەستی ئەوان کرد کە پێشتر کاترینی دووهەم، پال و ئەلکساندر زۆریان هەوڵدا کە لە ژێر دەستی ئینگلیس دەریبهێنن. پرۆپاگەندەی پان ئیسلاویستەکان بە مەبەستی لاوازکردنی نەمسا و تورکیە، بەرهەمێکی باشی هەبوو، تا ئەو جێگەی کە پێوەندی بە پان ئیسلاویستەوە هەیە، پێشتر هەستیان پێکردبوو، واتە لە نێوان ١٨٤٨ / ٤٩ کاتێکە دەستدرێژی کرایەسەر هەنگاریا، ڤیەن تێکرووخا و ئیتالیاش لە لایەن ئەو ئیسلاوانەی لە ژێر ئاڵای جلاچیک و رادێسکی خەباتیان دەکرد، تێکشکا. سەڕای ئەوە جینایەتەکانی ئینگلیس دژی ئیرلەند لەو بەری ئۆقیانووسی ئەتڵەس، بۆ رووسەکان هاوڕێیەکی نوێی بەهێزی دەرخست.

بەرنامەی سیاسی رووسیە بەردەوام بێ گۆڕانکاری ماوەتەوە. کەرەسەکانی کارپێکردنی لە ساڵی ١٨٤٨ گەشەیەکی بەرچاویان کردووە، بەڵام ئێستا بەدەستهێنانی یەک شت لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانەو "پێتری گەورە" پەنجەی لەسەر ئەم لاوازیە دانا. ئەو نووسیبووی کە بۆ دەسەڵاتدارێتی بەسەر جیهان، مۆسکۆییەکان تەنیا پێویستیان بە هێزی مرۆیی هەیە. بێگومان هەرکات پۆڵەندیەکان چۆک دابدەن، ئەو هەستە گەشانەوە کە رووسیە پێویستی پێیەتی رۆدەچێتە ناو لەش و دەروونی، ئەوکات بۆ پێکهاتنی هاوسەنگی، چ شتێکی دیکە لەسەر ئەوبەری قەپانەکە دادەنێت؟ رەنگە کەسێ لە کیشوەری ئوروپا وەڵام بداتەوە کە رووسیە لەگەڵ ئازادی "سێرڤەکان" خۆی دەخزێنێتە نێو بنەماڵەی گەورەی شارستانیەت، یا ئەوەیکە هێزە ئاڵمانیەکان کە ئێستا لە ژێر دەستی پرۆسیەکاندایە، دەتوانێ لە بەرانبەر هەر گورزێکی رۆژهەڵاتیەکان خۆڕابگرێ و سەرنجام ئەوەیکە شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانی ئوروپای رۆژئاوا، مەترسی تێکهەڵچوونە نێونەتەوەییەکان کۆتایی پێ بهێنێت. خوێنەری ئینگلیسی رۆژنامەی تایمز، بەلەبەرچاوگرتنی خراپترین پێشهات واتە داگیرکردنی قوستەنتەنیە لە لایەن رووسیە دەتوانێ بڵێ، بەم پێیە ئینگلیس، میسر داگیر دەکات و لەم رووەوە رێگەی خۆی بەرەو بازاڕی گەورەی هێندووستان بە بێ مەترسی دەپارێزێت. لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی یەکەم واتە ئازادی "سێرڤەکان" ئەم هەوڵە بەشێوەی کردەیی ئەو لەمپەرانەی کە دەستڕۆیشتیووەکان دایدەنێن ئازاد دەکات. ئەمە پاشکەوتێکی یەکجار گەورە بۆ راکێشان بەرەو ئەرتەش پێک دەهێنێت. خاوەندارێتی گشتی وەرزێرانی رووسیە هەڵدەوشێنێتەوەو بە تاکیان دەخاتەوە و زیاتر لەهەموو شتێک، بڕوای رووسەکان بەرانبەر چەوسێنەران و قەشە بەهێز دەکات.

رێگەم بدەن باسی پرۆس بکەم کە پێشتر خزمەتگوزاری پۆڵەند بوو، وە تەنیا لە ژێر چاوەدێری رووسیە لە رێگەی دابەشکردنی پۆڵەند گەیشتە پلەی یەکەم. ئەگەر هەر ئەم بەیانیە پرۆس بەندکراوی پۆڵەندی خۆی لەدەست بدات، بە جێی ئەوەیکە سەرنجی ئاڵمان بۆ لای خۆی رابکێشێت دەگەڕێتەوە بۆ نێوخۆی ئاڵمان. کەواتە بۆ ئەوەی خۆی وەک هێزێکی سەربەخۆ لە ئاڵمان نیشان بدات پێویستی بە پشتگیری مۆسکۆ هەیە. پەرەسەندی دەسەڵاتی ئێستای نەک بەردەوامبوونی کەم نەکردۆتەوە بەڵکوو بەهێزتریشی کرد. هاوکات ئەم زۆربوونی دەسەڵاتە ئاستی دژایەتی لەگەڵ فەڕانسەو ئۆتریشی زیاتر کردووە. بۆیە لە کۆتاییدا پرۆس سەنگەرێک دژی رووسیە نیە بەڵکوو کەرەسەیەکی لە پێش ئامادەکراوە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەڕانسەو راکێشانی ئاڵمان.

تا ئەو جێگەی پێوەندی بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەم وشە جیا لە خەباتی چینایەتی مانایەکی دیکەی نیە. رەنگە لە ئینگلیس و فەڕانسە خەباتی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارەکان، لە خەباتی سەرمایەداران دژی فیۆدالەکان تێچووی کەمتری دابێت! هیوارادین، بەڵام لەهەرحاڵ سەرەڕای ئەم جۆرە قەیرانە کۆمەڵایەتیە، دەتوانێ وزەی هێزە رۆژئاواییەکان زیاد بکات، هاوکات وەک هەر تێکهەڵچونێکی دیکە دەتوانێ راگەیاندنێک بێت بۆ توندوتیژی لە دەرەوە. ئەم کێشمەکێشە سەرلەنوێ رۆڵێک دەداتەوە رووسیە کە لە درێژەی شەڕی دژە ژاکۆبنی کە لە سەردەمی یەکگرتنی پیرۆز لە ئەستۆیدا بووە، ببێتە رزگارکەری لە پێش دیاریکراوی سیستەم. رووسیە سەرجەمی چینە باڵاکانی ئوروپا دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. پێشتر لە پرۆسەی شۆڕشی فێوریە " کێنت مۆنتالمبرێت" کەسێک نەبوو کە گوێ لەسەر زەوی، چاوەڕێی دەرکەوتنی دەنگی پێی ئەسپەکانی ئەرتشی قەزاق بێت.

"کەدوو تەمەڵەکان"ی پرۆس تەنیا کەسانێک نەبوون کە لە ناوەندەکانی نوێنەرایەتی ئاڵمان ، تێزار وەکوو "باوکی پارێزگار" رابگەیەنێن. بە هەر سەرکەوتنێکی رووسیە بەسەر " مایگارەکان" تەواوی یاریکەرانی بازاڕی بوورس سەریان دەرهێنا و بە شکستی ئەوانیش تووشی دارمان هاتن. سەرنجام لە پێوەندی لەگەڵ وتەکانی رۆژنامەی تایمز، ئەگەر بۆ ئینگلیس لەمپەرێک بۆ سەقامگیرکردنی خۆی لە میسر پێک نەیەت، لێگەڕێ رووسیە قوستەنتەنیە داگیر بکات، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟

ئەمە یانی ئینگلستان، قوستەنتەنیە رادەستی رووسیە دەکات، بە مەرجێکە رووسیە رێگە بدات حاشا لە ئیدعای فەڕانسە لەسەر میسر بکات. ئەمە ئەو دوورە دیمەنە قبووڵکراوەیە کە تایمز بەرەوڕووی ئێمەی دەکاتەوە. تا ئەو جێگەی کە بە پێوەندی عاشقانەی نێوان رووسیەو ئینگلیس دەگەڕێتەوە تەنیا ئەوە بەسە کە وشەگەلی "مۆسکۆ گازت" لە دێسامبری ١٨٥١ باس بکەین، " نا سەرەی ئینگلیسی خائینیش دەگات و زۆر درێژە ناکێشێت کە جیا لە کەلکەتە، لەگەڵ ئەم خەڵکانە هیچ رێککەوتنێک واژۆ ناکەین. بۆ ئوروپا تەنیا یەک بژاردە بوونی هەیە، یا وەحشیگەری ئاسیایی بە رێبەرایەتی مۆسکۆییەکان کە وەک هەرەس مێشک لەناو دەبات، یا لە بری ئەوە ناچار سەرلەنوێ پۆڵەند بونیات بنێتەوە، وە لەو رێگەوە لە نێوان خۆی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیست ملیۆن قارەمان سەقامگیر بکات بۆ ئەوەی بۆ گەشانەوەی کۆمەڵایەتی خۆی، کەشێک بۆ هەناسەکێشان پێک بهێنێت.

سوخەنرانی مارکس بە بۆنەی دووهەمین ساڵیادی راپەڕینی " کراکۆ ".

**بروکسێل، ٢٢ی فێوریەی ١٨٤٨**

**بەڕێزان:**

لێکچوونگەلێکی بەرچاو لە مێژوودا بوونی هەیە. ژاکۆبنی ١٧٩٣ بوەتە کۆمۆنیستی ئێستا. کاتێکە رووسیە، نەمسا و پرۆس لە ساڵی ١٧٩٣ وڵاتی پۆڵەندیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، ئەم سێ دەسەڵاتە کەڵکیان لە یاسای بنەڕەتی ١٧٩١ وەرگرت، ئەو یاسای کە ئەوان بە هۆی بنەماکانی ژاکۆبنی مەحکوومیان کردبوو. یاسای ١٧٩١ی پۆڵەند چ شتێکی راگەیاندبوو؟ هیچ شتێک جیا لە سەڵتەنەتی مەشرووتە، واتە هێزی یاسادانەر لە دەستی نوێنەرانی وڵات، ئازادی راگەیاندن، ئازادی ویژدان، رەوتی ئاشکرای دادگاکان، هەڵوەشانەوەی دەرەبەگایەتی. هەموو ئەوانە لەو سەردەمەدا بە ژاکۆبنیزم ناوبانگی دەرکردبوو. بەڕێزان کەواتە بەوجۆرەی دەیبینن ئەو مێژووە بەرەو پێش پاڵپێوە نراوە. ئەوەی ژاکۆبنیزم بوو ئەمڕۆ بوەتە لیبڕالیزم ئەویش لە مامناوەندیترین شێوەی خۆیدا.

ئەو سێ دەسەڵاتە هاوکات لەگەڵ مێژوو بەرەو پێش رۆیشتن. لە ١٨٤٦ کاتێکە "کراکۆیان " پەیوەستی نەمسا کردوو دوایین ئاسەواری سەربەخۆییان لە پۆڵەند سەندەوە، ئەوەی پێشتر بە ژاکۆبنیسم دەناسرا، ناویان لێنا کۆمۆنیزم. بەڵام کۆمۆنیزمی شۆڕشی کراکۆ لە چ شتێک پێکهاتبوو؟ کۆمۆنیزم بوو چونکە دەیویست نەتەوەی پۆڵەند بگەشێنێتەوە؟ دەکرێ هەر بەمشێوە رابگەیەندرێت شەڕێکە بەرەی ئوروپا دژی ناپلئۆن وەڕێی خست کۆمۆنیستی بوو، وە کۆنگرەی ڤیەن لە ١٨١٥یش لە کۆمۆنیستە سەڵتەنەتخوازەکان پێک هاتبوو. یان ئەوەیکە ئەو شۆڕشەی کراکۆ کە خوازیاری دامەزرانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک بوو، کۆمۆنیستی بوو؟ هیچکەس ملیۆنان شارۆمەندی "بێرن"و"نیۆیۆرک" بە هۆی بیانووی کۆمۆنیستی تاوانبار ناکات.

کۆمۆنیزم پێویستی بوونی چینەکان رەت ناکاتەوە، بەڵکوو دەیەوێ سەرجەمی چینەکان و جیاوازیە چینایەتیەکان لە نێو ببات. شۆڕشی کراکۆ تەنیا خوازیاری لابردنی جیاوازی سیاسی نێوان چینەکان بوو، وە دەیویست مافی بەرابەر بداتە هەموو چینەکان. کەواتە شۆڕشی کراکۆ لە چ لایەنێکەوە دەتوانێ کۆمۆنیستی بێت؟ ئایا بە هۆی ئەوەی تەنیا دەیویست زنجیرەکانی دەرەبەگایەتی بپسێنێ و پرسی خاوەندارێتی لە ژێر دەستی دەرەبەگ دەربهێنێت و بیکاتە خاوەندارێتیەکی مۆدێرن؟

هەر بەو جۆرەی لە خاوەندارێکی فەڕانسەیی پرسیار کرا، ئایا دەزانی پۆڵەندیە دیمۆکراتەکان چیان دەوێ؟ ئایا دەیانەوێ لە پۆڵەند هەمان فۆرمی خاوەندرێتی بناسێنن کە لە وڵاتی ئێوە بوونی هەیە، خاوەنداره فەڕانسەییەکە وەڵام ددەداتەوە: " ئەمە زۆر چاکە" بەڵام ئەگەر بەو خاوەنداره فەڕانسەییە رێک وەک "گیزۆ " بڵێین، پۆڵەندیەکان دەیانەوێ ئەو جۆرە لە خاوەندارێتی هەڵوەشێننەوە کە شۆڕشی ١٧٨٩ی ئێوە دایمەزراند و هێشتا لە نێوان ئێوەدا بوونی هەیە، ئەوجار بە سەرسووڕمانەوە دەڵێت" چی! ئەوانە هەموو شۆڕشگێڕانەو کۆمۆنیستیەو دەبێ ئەو بێ ئەخلاقانە لەناو ببرێن".

هەڵوەشانەوەی ناوەندە تیجاری ئەسنافەکان و پێکهێنانی کێبڕکێی ئازاد ئێستا شێوەیەکە کە لە سوێد بە کۆمۆنیزم دەناسرێت. " ژۆرناڵ دێ باتس" تەنانەت زیاتر لەوەش دەڕوات و دەڵێت، هەڵوەشانەوەی ئەو بەهرانەی کە لە لایەن یاسایەکی گەندەڵ وەکوو سەرچاوەی داهاتی ٢٠٠ هەزار دەنگدەر گەرەنتی کراوە "ژۆرناڵ " بە خاوەندارێتی یەکسان ئەژماری دەکات و پێی دەڵێ کۆمۆنیزم. بێگومان شۆڕشی "کراکۆ" خوازیاری هەڵوەشانەوەی فۆرمێک لە خاوەندارێتی بوو بەڵام چ جۆر خاوەندارێتی؟ ئەو جۆرەی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئوروپا نەدەتوانرا هەڵبوەشێتەوە، چونکە هەمان فیدراسیۆن "سونێر بوند" چیدی بوونی نەبوو.

هیچکەس لاری لەوە نیە کە لە پۆڵەند مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێدراون و بۆ ماوەیەکی یەکجار دووروو درێژ ئەوانە لەیەکدی جیا نەدەکرانەوە. پێویست بوو ئەم بابەتە لە دواکەوتووەکان بپرسی! ئایا لە پرۆسەی شۆڕش ئەوان تەنیا دژی لیبڕالیزمی سیاسی و وۆلتریزم کە بە دوای ئەودا رادەکێشرا، خەباتیان دەکرد؟ نووسەرێکی زۆر بەناوبانگی دواکەوتوو بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە لە لێکدانەوەی کۆتایی، باسەکانی مێتافیزیکی "دێ مایستێر" و " دێ بونالد" دادەبەزێ بۆ ئاستی پارە، کەوایە ئایا سەرجەمی مەسەلەکانی تایبەت بە پارە، پرسە کۆمەڵایەتیەکان نین؟

پیاوانی گەشانەوەی بەرەی سەڵتەنەتخوازەکان لە هیچکەسی ناشارنەوە کە دەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی سیاسەتەکانی سەردەمی زێڕینی پێشوو، خاوەندارێتی دەرەبەگایەتی سەرلەنوێ ببووژێتەوە. هەموو کەس ئاگاداری ئەوەیە کە بە بێ دانی باج، بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی پاشا ناتەواوەو موممکین نیە. رێگە بدەن کەمێ زۆرتر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، لە ١٧٨٩ مەسەلەی سیاسی مافی مرۆڤ، توانایی خۆی لە پرسی مافە کۆمەڵایەتیەکانی ئازادی بە فیڕۆ دا. ئێستا کەواتە کوێ مەسەلەکە لە ئینگلیس سەبارەت بە چیە؟

ئایا لەوێ حیزبە سیاسیەکان لە هەموو بوارەکاندا، لە گەلاڵەی چاکسازی ١٨٣٠ تا هەڵوەشانەوەی یاسای " ذرت " جیا لە کێشەکردن لەسەر گۆڕانی خاوەندارێتی و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان چیدیکە بووە؟

لێرەدا لە بێلژیک، ئایا کێشە لە نێوان لیبڕالیسم و کاتۆلیسم شتێک جیا لە ناکۆکی سەرمایەی پیشەیی و خاوەن زەویە گەورەکان بووە؟

›› لاپەڕە١٠

# بابەتێ سەبارەت بە ڕۆژی کچان و هۆشیاری کۆمەڵگە بۆ پلانەکانی ڕژیم



بێگەرد ساڵح

هۆکاری ناونانی ڕۆژی جیهانی کچان لە ١١ی ئۆکتۆبەر

بە ڕای ئێوە ئەم ڕۆژە بۆچی بەو ناوە نێوزەد کراوە؟ ئایا بەس بۆ ئەوەیە خۆشحاڵی خۆمان بۆ هەبوونی کچەکانمان دەربڕین و پیرۆزباییان لێبکەین، یاخۆ دیارییەکیان بۆ بکڕین و وێنەیەکیان لەگەڵ بگرین؟! دەی ئەگەر وا بێت چ پێویست بە تەرخان کردنی ڕۆژی تایبەتی نێونەتەوەیی یاکوو ڕۆژی لە دایک بوونی کچە پێغەمبەران و ئیمامان دەکات؟! کە قووڵتر چاو لە باسەکە بکەین ئەم ڕۆژە لە خۆرا نییە و گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێویستە لانیکەم زۆرتر باس لەو گرنگییانە و هۆکارانە بکرێت. ئەبێ بزانین هۆکاری تەرخان و ناونانی ئەو ڕۆژە چییە؟

ڕۆژی جیهانی منداڵی کچ International Day of the Girl Child ) ) ڕۆژێکی جیهانی یادکردنەویە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیەندراوە و بە ڕۆژی کچ و ڕۆژی جیهانی منداڵی کچ ناوزەد کراوە. ئەم یادەوەرییە بۆ پشتگیریکردن لە دەرفەتی زیاتر بۆ کچان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەو نایەکسانی جێندەرییە داندراوە کە کچان بەهۆی ڕەگەزەکەیانەوە لە ئاستی جیهانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆژە بریتین لە؛

**١. یەکسانی جێندەری:**
پێشخستنی یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی کچان.

**٢. ڕاهێنان:**
جەختکردنەوە لەسەر گرینگی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ کچان، کە دەتوانێت ژیانیان بگۆڕێت و زانیارییان پێ ببەخشێت.

**٣. تەندروستی:**
زیادکردنی هۆشیاری و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بەتایبەت تەندروستی زاوزێ، کە بۆ کچان زۆر گرنگن.

**٤. پاراستنی مافی منداڵان:**
بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافی کچان و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

**٥. دەرفەتە ئابوورییەکان:**
ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری بۆ کچان بە مەبەستی باشترکردنی سەربەخۆیی دارایی و بەهێزکردنی ئابوورییان.

**٦.بەڕێوەبەرایەتی و بەشداریکردن:**
هاندانی کچان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی جیهانی.

**٧. بەرەنگاربوونەوەی پێشوەختە و ڕەفتارە چەقبەستووەکان:**
هەوڵدان بۆ شکاندنی ئەو ڕەفتارە کۆنەپەرستانە و پێشوەختە ڕەگەزییانەی کە ڕێگری لە پێشکەوتنی کچان دەکەن.

کەوابێ ڕۆژی جیهانی منداڵی کچ دەرفەتێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ ئەم بابەتانە و یارمەتی داڕێژەرانی سیاسەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەی گشتی بۆ هەنگاونان سەبارەت بە باشترکردنی ژیانی کچان، ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ ڕامان سەبارەت بەم چەمکانەی خوارەوە:

**تەندروستی جەستەیی و دەروونی**

تەندروستی وەک یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەکردنی کچاندا. لە زۆر وڵاتدا کچان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە، بەتایبەتی لە تەمەنی گەنجیدا. ئەم ئاستەنگانە دەتوانن بریتی بن لە کێشەی خۆراکی، نەخۆشینەکان و تێکچوونی دەروونی. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، کچان زیاتر مەترسی تووشبوونیان بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ هەیە. سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و نەبوونی هۆشیاری لە مافە تەندروستییەکان ئەم کێشانە قورستر دەکەن.

**ڕۆڵی کۆمەڵگا و داڕشتنی سیاسەت**

هەروەها کۆمەڵگا و داڕێژەرانی سیاسەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە باشترکردنی باری تەندروستی کچان. دەبێ پلانی سیاسی بە شێوەیەک بێت کە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری پەروەردە بۆ کچان دابین بکات. پێویستە حکومەتەکان بە دروستکردنی بەرنامەی لاوەکی وەک ڕاوێژکاری تەندروستی، هەڵمەتی هۆشیاری و چارەسەری تەندروستی بێبەرامبەر، یارمەتی کچان بدەن.

سەرەڕای ئەو چەمکانەی سەرەوە کە باسم کرد، چەند هۆکاری دیکەش هەن کە سەرنجی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشا:

* پشتگیری نەکردنی هاوسەرگیری زۆرەملێی کچان.
* پشتگیری نەکردنی توندوتیژی دژی کچان و ژنان.
* باشترکردنی ئاستی خوێندن و نەهێشتنی منداڵهاوسەری.

ئێستە کە بەکورتی باسی هۆکار و ئامانجەکانی ئەم ڕۆژەم کرد، دەبینین ئەو ڕۆژەی کە ئێران بۆ ڕۆژی کچ ناوبردەی کردووە، هاوکاتە لەگەڵ لەدایک بوونی مەعسومەی کچی یەکێک لە ئیمامەکانی شێعە و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای فەرهەنگییەوە لە ساڵنامەی فەرمی وڵاتدا جێگیر کراوە. ئەم بڕیارە بەو مەبەستە بوو کە بە یادکردنەوەی کەسایەتی مەعسومە (کە کچی ماڵباتی پێغەمبەری موسڵمانانە) کچان ئەو بکەنە سەرمەشقی خۆیان. بەڵام لە ڕاستیدا دانانی ئەم ڕۆژە پاساوێکە بۆ ئاشناکردنیان بە شێوازی ژیانی ئیسلامی. کە نەتەنیا هیچ پێوەندییەکی بە مافی کچانەوە نیە بەڵکوو ڕۆژێکیشە دژ بە هەموو مافی سەرەتایی کچان. ئەگەر تۆزێک بیربکەینەوە لە کچانی "ئەهلی بەیت"، نەتەنیا خاوەنی هیچکام لەو مافانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد نەبوون بەڵکوو دەیانەوێ بە شێوەیەکی نادیار بانگەشەی حیجابی زۆرەملێ، هاوسەرگیری زۆرەملێ، توندوتیژی دژی کچان و ژنان، منداڵهاوسەری و زۆر شتیتر... بکەن کە هەر هەموویان دژی ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆژەن.

جێگەی خۆیەتی باسی هەندێ کەس بکەم کە پێیان وایە بۆ هەموو شتێک دەبێ ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن و لە ڕاست و ناڕاست بەرەنگاری شتەکان دەبنەوە و پێیان وایە بەمە دەبنە ڕەخنەگر! بەڵام ئەم نەوعە مرۆڤانە بەس خەریکی قوشقیگەرین و هەیەجانیی ڕووبەڕووی شتەکان دەبنەوە!

لێرەدا دوو خاڵ هەیە دەمەوێ باسی بکەم؛

١- زۆربەیان دەڵێن کچ، ڕۆژی ناوێ و هەر ئەو دابین کردنی ڕۆژێکی تایبەت بۆ کچان، لە خۆیدا چەشنێ هەڵاواردنە، بەڵام مەبەست لە تەرخان کردنی ئەمڕۆژە نەک ئاوارتە کردن، بەڵکوو چەشنێ بانگەشەیە بۆ سەرنجدان بۆ ئامانجەکانی دیاری کردنی ئەمڕۆژە (کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە...)

٢- ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست ڕۆژی لە دایک بوونی کچی یەکێک لە ئیمامەکانی شیعەی بۆ ڕۆژی کچان تەرخان کردووە، کە لە خۆیدا چەشنێ دژوازییە بەرانبەر هەموو ئەو هەڵاواردن و کۆنەپەرەستی و ستەمە کە سەبارەت بە کچانی دەکەن.

لە کۆتایدا دەمەوێ بڵێم ڕاستە کچ ئازادی دەوێت... کچ ئەوەی دەوێت... بەڵام لەگەڵتان هاوڕانیم کە ڕۆژی ناوێت و ڕەخنە لەو کەسانە ئەگرن کە بۆ ڕۆژی کچ پیرۆزبایی دەکەن یا وێنەی کچەکانیان دادەنێن...! پێم وایە ئەوە پیلانی دەوڵەتە بۆ داپۆشین و بۆڵد نەکردنی ڕۆژی جیهانی کچ لە پێناو ڕۆژی کچی ئەواندا. جێگەی دڵخۆشییە کە زۆربەی هاووڵاتیەکانمان پێشوازیان لەم ڕۆژە جیهانیە کرد و گرینگییان بەم ڕۆژە دا و لەسەر ئەو باوڕە نەمان کە ڕۆژی مەعسوومە شایانی ئەوە بێت بە روژی کچ ناوزەد بکرێت. بەو بۆنەوە هیچ کێشەیەک نییە ئێستە کە خەریکە وردە وردە کۆمەڵگا لەو روژە تێدەگات؛ پیرۆزبایشی لێبکات و وێنەی کچەکانشیان بە بێ

# ئێمە ئازادین هەموو جیهان بگۆڕین، چەن وانەیەک سەبارەت بە ژیان و خۆشەویستی هانا ئارنێت

ن: جو موشنسکا
و: هەژار

تئۆدۆر ئادۆرنۆ لە کتێبی "چەن تیکە"دا بە شێوەیەکی شێتانە، "ئەخلاقی بچوک"، ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە لە جیهانی چەن تیکە و شێتانەی ئێمەدا ژیانی باش بە چ شێوەیەک دەگونجێت. ئەم فەیلەسوفە ئالمانییە دەڵێت؛ "گۆڕینی دۆخی کولتووری ئێستە پێویستی بە ئامادەبوون و شەڕی دەستە و یەخەی تەواو لەگەڵ ئەودایە. ئامادە بوونێک کە هەست دەخاتە دڵی مرۆڤەوە و هاوکات دەسەڵاتی پێدەبخشێت تا ئەو هەستە نەبینێت. "ئادۆرنۆ" بە شوێن جێگە و پێگەیەکی دروست بۆ ڕووناکبیرە، ڕووناکبیرێک کە نە دەیتوانی ئەوەندە لە ژینگەی خۆیی جیا بێت کە بە گشتی شتەکان نەبینێت و نەناسێت، نە هێندە کە خۆیی تێدا نوقم بکات و لە وردەکاریەکانیدا بزر بێت.

چون بیرمەندێکی سیاسی بەو هەموو کێشانەی کە هەیەتی دەتوانیت هەم نزیک بێت و هەم دوور؟

ئادرنۆ و هانا ئارنێت، لە سوژەی کتێبی نوێ و سەرنجڕاکێشی "ليندسی ئستوبریج"، نێوانێکی باشیان پێکەوە نییە. ئارنێت لە سەر ئەو باوەرە بوو کە "ئادرنۆ" سەبارەت بە هاوڕێ هاوبەشەکانیان وەک "والتێر بنیامین" بۆ ڕاکردن لە دەس نازیەکان کەم کاری کردوە و تا ڕادەیەکی زۆر ئادرنۆی سەبارەت بە خۆکوژی بنیامین تۆمەتبار و لۆمە کردوە. ئادرنۆ جارێک لە پرسیاری هاوژینەکەی بۆ ئەوەی ئادرنۆ بۆ نانی شەو داوەت بکەن و میوانداریەتی لێبکەن وتبوووی؛ "ئەم کەسە پا نانێتە ناو ماڵی ئێمە!" بە هەموو ئەوانەوە، ئەو کێشەی ئادرنۆ زۆر بیرمەندانە باسی کردبوو کێشەیەک بوو کە ئارنێتیش توشی ببوو. هەر دووکیان وەک جوولەکەی ئالمانی هاوتەمەن لە بیرۆکەکانی فەلسەفی و کولتووی وڵاتەکەیان نوقم ببون. کاتێ نازیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و دیار بوو ئەو کۆمەڵگا چیدی ناتوانێت "کانت و بتهۆوێن" پەروەردە بکات، بەڵکوو دەتوانێت "هیملێر و کریستال ناخت" پەروەردە بکات، ئەوان ناچار بوون ئەو وڵاتە بە جێ بێڵن و بەرەو ئەمریکا ڕابکەن. ئەوان هەر دووکیان لەگەڵ ئەو پرسیارە ڕووبەروو بوون کە ئایا دەتوانن لەو بیرۆکانەی کە مێشکیانی داگیر کردوە، واتە بیرۆکە ئالمانی و ئورووپایی کە ڕەگ و ریشەیان دەگەراوە بۆ یونانی کۆن، بۆ تێگەیشتنی ناشرینیەکانی جیهان کەلکی لێ وەربرگن یا ئەوەی ئەو بیرۆکانە بۆ ئەو مەبەستە کەم و کۆڕی زۆرە، یا تەنانەت خراپتر لەوەش، ئەو شێوە لە بیرۆکانە دەستیان لەگەڵ ناشرینینەکان تێکل کردوە و ئەوان ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم جۆرە بیرۆکانە ڕووبەڕوو بوون.

هەر ئەو جۆرەی کە "ئستۆنبریج" نیشانی دەدات، ئەوەی ئارنێت لە ئادرنۆ جیا دەکاتەوە، تێکۆشانی بۆ کۆکردنەوەی ئەو تیکە و پچر پچرانەی بیرۆکەگەلی فەلسەفە و سیاسی دووبارە نوسینەوەی ئەوان بوو. هانا ئارنێت فەلسەفەی لە قۆتابخانەی "هوسرێل، هایدگر و یاسپێرس" خوێندبوو و فێر ببوو بەڵام پێش لەوانە دەسپەروەردەی خوێندنی بەربڵاو و گەران و بیرۆکەی تاکەکەسی خۆیی بوو. ئەو زانیاری و وردبینی خۆیی بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ڕووداوەکانی نیوەی سەدەی بیستەم دەخستە گەڕ. بیرۆکە فکریەکانی ئەو بریەتی بوون لە؛ ناسینی دەسپێکی ژیانی مرۆڤ، نوێخوازی و شتی سەیر و سەمر کە مرۆڤ توانایی تێدا هەیە و دەتوانێت جێبەجێیان بکات، داهاتووگەلێک کە بە پێی کردەوەکانی دەتوانێ دروست ببێت، زۆرینەی مرۆڤ، واتە جۆراوجۆر بوونی سەرەتایی ژیانی هاوبەش و وردبوونی ئێمە کە بیرۆکەی ڕاستی و دروست مومکین دەکات و ئەگەر ئەوین، بە شرۆڤەی "ئستۆنبریج" بۆ ئارنێت بریەتییە لە؛ " هەست کردنی پڕ بایەخی جیوازبوونی مرۆڤەکان و چێژ وەرگرتن لەو جیاوازیانە ... ئەوین لە سەرەتادا بارودۆخی پێکەوە بوونی ئێمەیە لە جیهاندا." ئارنێت لە خاڵی بەرانبەری ئارمانخوازی نەکولاو بەم بەلێنە بنەرەتیانە وەفادار بوو. ئەمانە بنەمایەک بوون بۆ تەمەنێک لێکۆلینەوەی ئارنێت سەبارەت بە شێوەگەلی بەلارێبەردن و حەزفکردنی ئەو تواناییانە کە لەلایەن نازیسم و توتالیتاریسم، هەروەها کەڵوپەلی کەم بەڵام شۆڕشگێرانە بوو کە لەو بارودۆخەدا دەمایەوە. تایبەت بوونی هانا ئارنێت هاوکات لەگەڵ خۆشەویستی بۆ جیهانی هاوبەشی ئێمە یەکێک لە نمادەکانی ئەو ئارمان وئاواتانە بوو.

پەیوەندی بەرهەمەکانی هانا ئارنێت لەگەڵ بابەتەکانی ڕۆژ ئەو کاتە دەرکەوت کە دوای هەڵبژاردنی "دۆنالد ترامپ" لە ساڵی ٢٠١٦ گرنگترین کتێبی بە ناوی " ویستەکانی توتالیتاریسم " چوە ریزبەندی پرفرۆشترین کتێب، لەو ساڵەدا. کتێبی "ئستونبریج" تێکەلەیکی گشتیی باشە لە خۆیی، ئەو کتێبە باس لە شلەژان و ناخۆشی بارودۆخی ئێستەیە.

›› لاپەڕە١١

# کارەساتی " هەینی خوێناوی " زاهیدان ، زامێکی سارێژ نەبوو



دواڕۆژ

ڕۆژی هەینی ٧ی ڕەزبەر،دووهەمین ساڵوەگەری کوشتاری بەکۆمەلی خەڵکی وەزاڵەهاتوی بەلووچە لە شاری زاهیدان . ڕێک دوو ساڵ لەمەوبەر لەرێکەوتی ٨ی ڕەزبەر لەئاکامی دەستدرێژی بەرپرسێکی هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە چابەهار بە کیژۆڵەیەکی تەمەن پانزدە ساڵی بەلووچ ، خەڵکی ئەوشارە بە نیشانەی نارەزاییەتی دەربڕین و ئیدانە کردنی ئەم تاوانە ، دەڕژێنە سەرشەقام و خۆپیشاندانێکی هێمنانە وەرێ دەخەن . ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو بەرپرسە بە سزای تاوانەکەی خۆی بگات ، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم خۆپیشاندانە هێمنانەیە لەلایەن هێزەسەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی لە بنکەی پۆلیسی ١٦ی زاهیدان هێرشی دەکرێتە سەرو لەماوەیەکی کەمدا غەڵتانی خوێن دەکرێت .

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە چالاکانی مافی مرۆڤ لەو ناوچەیە بڵاویان کردووەتەوە، لە ئاکامی ئەم هێرشە جینایەتکارانەیەدا نزیک بە ١٠٠ کەس گیانیان لەدەستداو ٣٥٠ کەسیش برینداربوون. هەروەها لە نێو گیانبەختکردووەاندا ١٣ منداڵ بەرچاو دەکەوتن کە بچووکترینیان تەمەنی دوو ساڵ و گەورەترینیشیان ١٤ ساڵ تەمەنی بوو. هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی بەوەشەوە نەوەستان و هەر چەند رۆژ دوای ئەم کارەساتە دڵتەزێنە هێرشیان کردە سەر کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەریوی شاری خاشیش . ئەوان لەو هێرشەشدا ڕاستەو خۆ تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و لە ئاکامی ئەم جینایەتەش دا زۆر بە داخەوە ١٣ کەسی تریش گیانی ئازیزیان لەدەستدا .

دوای ئەم روداوانە کۆماری ئیسلامیی بۆ خۆ دۆزینەوە لە جینایەتی ئەمجارەی خۆی دەیان درۆدەلەسەی سەر یەک خست تا بەڵکوو بەم شێوەیە خۆی لەم جینایەتە بدزێتەوە. ئەوان دەیان ویست کە ئەم تاوانە بخەنە ئەستۆی لایەنە چەکدارەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی . لە هەلێکی تریشدا گوشاریان دەخستە سەر بنەماڵەی گیانبەخت کردوانی روداوەکە تا بەخەڵکی ڕابگەیەنن کە ئەم کارەساتە بەدەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی روینەداوەو ئەوە کاری گروپەچەکدارەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی بووە.

شک لەوەدانییە کە کارەساتی ٨ی ڕەزبەر کە بە هەینی خوێناوی ناوبانگی دەرکرد، بە فەرمانی خودی کاربەدەستانی ڕژیم رویدا . کارەساتی ٨ی رەزبەر دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان خوڵقا . کەواتە کۆماری ئیسلامیی بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵانی خەڵک و بەرگرتن بە هەموو شێوە خۆپیشاندانەکان ، لەم گۆشەیەی ئێرانیش ئەو جینایەتەی خوڵقاند . خەڵکی سیستان و بەلووچێستان بەردەوام و هەرلەسەرەتاوە دژی ئەو رژیمە بوون . خەباتیان کردوەو بۆ ساتێکیش ئارامیان نەگرتوە . کۆماری ئیسلامیی هەر لەچەشنی کوردستان دوژمنی سوێند خواردوی خەڵکی بەش مەینەتی بەلووچیش بووە . ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەلووچێستان باشتر لە خەڵکی هەژاری ناوچەکانی تری ئێران نییە و بەڵکوو خرابتریشە . بێکاری و نەبوونی ئاسۆیەکی روون لە بەردەم خەڵکی ئەوناوچەیە ، ژیانی ئەو خەڵکەی تاڵ و وێران کردووە . رۆژ نیە کۆڵبەرانی بلووچ وێنەی کۆڵبەرانی کوردستان سینگیان قەڵغانی خوێن نەبێ . دیاری کۆماری ئیسلامیی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە هەرلە چەشنی کوردستان ، ئاوارەیی ، بێکاری و زیندان و ئازارو ئەشکەنجە بووە . سێبەری سێدارە بەردەوام لە سەر سەری لاوانی بێ تاوانی ئەو دەڤەرە خولاوەتەوە. رێژەی سێدارەکان لەو ناوچەیە بێداد دەکا . بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیە خەڵکی بەلووچ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەچەوسێنەوەو بە تیری ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم دەپێکرێن . خەڵکی بەلووچ بەردەوام ڕاپەریون و نابێ لەبیریشمان بچێ کە قوربانیانی کارەساتەکەی ٨ی ڕەزبەر ئاگری شۆڕشی ژینای لەهەموو ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان بڵێسەدارتر کرد. قوربانیانی ئەم کارەساتە لە ریزی قوربانیانی شۆڕشی ژن ، ژیان ، ئازادین و دەبێ لە لایەن لایەنگرانی شۆڕشی ژن ، ژیان ، ئازادییەوە رێزی لێ بگیرێ .

### »» پاشماوەی.. هەڵسو کەوتی وێژەی کوردی دەگەڵ وێژەی گەلانی تر

جون هاوکات کە وێژە و ئەدەب خەریکە ڕۆڵی [مصرف کننده] دەگێڕێ، دەبێ هەوڵ بدا نەچێتە ژێر کاریگەری نائاگایانە و بێ گەڵاڵەی گوتاری زاڵ. ئێنگێلس دەڵێ: "مرۆڤ دەبێ لە ڕێگای هونەر و وێژەوە خۆی بۆ دونیای بێ چینایەتی داهاتوو ئامادە بکا". بێ گومان ئێنگێلس، هەر بە پێی قوناغ بەندیەکەی مارکس، حاشا لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و زاڵ بوونی گوتارێک بە سەر گوتارەکانی تر دا، کە ئەدەبیاتیش یەکێک لەوانە، ناکا و نوقمی خەیاڵاتێکی دوورە پەرێزیش نیە. بەڵکو بە کەڵک وەرگرتن لەو تیۆریەی مارکس و ئەو باوەڕە کە مێژووی ژیانی مرۆڤ مێژووی هەوڵ دانە بۆ پێکهێنانی دونیایەکی باشتر، گەرەکیەتی باس لە پێوەندی و شوێن وەرگرتنێکی عەقڵانی و زانستی بکا. شێوە پێوەندی و شوێن وەرگرتنێک کە هەموو ئەزموونەکان بە کار دێنێ بۆ دەوڵەمەند کردنی وێژە و ئەدەب و ئەندێشەکانی خۆی. دوای ئەم پێوەندی و شوێن وەرگرتنە، دیسانەوە خۆی دەبێتە بەرهەم هێنەر و ئافراندن وەک پرۆسەیەکی بێ براناوە بەردەوام لە دەستووری کاری خۆی دا دادەنێ. دیارە ئێمە باس لە پێوەندی نێوان دەقەکان و هەر وەک ئاماژەمان پێ دا، نووسین وەک ڕەفتارێکی ئیرتباتی دەکەین نەک لە پێوەندیەکی زارەکی و ئینسانی دا. بە بڕوای من یەکێک لە سەرەکی ترین هۆکارە پێوەندیەکان لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و [مصرف] و بەرهەم هێنانەوە دا "وەرگێڕانە" بە گشتی و "وەرگێڕانی ئەدەبیە" بە تایبەتی. بۆ؟ چونکە:

١. تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی ئارشیو کردنی دەقەکان ڕایە کە ئێمە دەتوانین بە سەبر و حەوسەلە و بە پێی مەنتیقێکی زەمانی هەڵسەنگاندنێکی زانستیمان لە وێژە و ئەدەبی گەلانی تر هەبێ. گواستنەوەی وێژە و ئەدەبی زمانەکانی تر بۆ ناو زمانێکی تر، دەوڵەمەند کردن و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەوانە. هەر بەو پێیە کە نووسین هەڵوێستێکی ئیرتباتیە، ئەدەبیاتیش لێڵ و توێ توێ ترین بەشی زمانە و بەردەوام خەریکی بەرهەم هێنانەوە و ناسیاوی سڕینەوە لە نیشانە کۆمەڵایەتیەکانە.

٢. بە چاو خشاندنێک بەسەر مێژووی وەرگێڕاندا، دەردەکەوێ کە وەرگێران نەتەنیا ڕۆڵێکی لاوەکی نەبووە بەڵکو کاریگەریەکی سەرەکی هەیە لە سەر پێوەندی نێوان وێژە و ئەدەبی زمانە جۆراوجۆرەکان. بۆ نمونە ئەدەبی عەرەب-ئیسلامی لە سەرەتاکانی سەدەی سێهەمی کۆچی تا کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم دەستی کردووە بە وەرگێڕان لە میراتە زمانیەکانی وەک عیبری، سەریانی، فارسی، هیندی، لاتین و لە گشتی گرینگ تر یۆنانی و تەنانەت بنکەیەکی زانستی لە ژێر ناوی "بەیتولحیکمە"یان بۆ کۆ کردنەوەی وەرگێڕەکان لە دەوری یەکتر و ڕاگرتنی بەرهەمەکانی ئەوان بونیادنا و وەڤدیان دەناردن بۆ شوێنی وەک ئێران و هیند و... بۆ دۆزینەوەی بەرهەمە پڕ بایەخەکان. پاشان لە قۆناغێکی تر دا ڕۆژئاوا کەوتە ژێر کاریگەری ئەدەی عەرەبی-ئیسلامی و کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر پێش کەوتنی ئەدەب و زمانەکەی. خاڵێکی گرینگ لەم پێوەندیەدا هەر ئەم هەڵوێستە زانستی و دیاری کراوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە زمانی ژێرمەجمووعە خەریکە بە هۆی ئەم پێوەندیەوە شوێن و کەڵک وەردەگرێ لە زمان و ئەدەبی سەرچاوە، لەهەمان کاتیش دا بەردەوام خەریکی دەروونی کردن و خۆماڵی کردنی ئەزمونەکانە و خۆی لە قۆناغێک و بە شێوەیەکی تر خەریکە دەبێ بە بەرهەم هێنەر و سەرچاوە. بە تایبەت ئەدەبیاتی عەرەبی-ئیسلامی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتێک دایە کە فری بە ئیسلامەوە نیە. بەڵکو زانست و ئەدەبی عەرەبی-ئیسلامی خۆی بەشێکی هەرە زۆری سازدراوی ئەوە. ئەمەش یەعنی کەڵک وەرگرتن و خۆماڵی کردنێکی بە پێی گەڵاڵە و عەقڵانیەت. کۆی ئەم باس و خواسە بێ گومان وێژە و ئەدەبی کوردی و چۆنیەتی مامەڵە کردنی لە گەڵ وێژە و ئەدەبی زمانە جۆراوجۆرەکانی تردا دەگرێتە بەر خۆی.

زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تر دەتوانێ و دەشێ پتانسیەلەکانی خۆی بدۆزێتەوە و پەم پتانسیەلانە لە زمان دا بکا بە ئەدەبیات و بەردەوام لە حاڵی بەرهەم هێنان دابێ و ببێتە ئاوێتەی کەڵکەڵەی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای زمانیی خۆی، هەڵبەت لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبی دا. واتا وێژە و ئەدەبی کوردی توانیبێتی شیکاریەکی کۆمەڵناسانەی لە سەر جوغرافیای زمانی خۆی هەبێ. بێ گومان پێوەندی گرتن و تێکەڵ بوون لە تەک وێژە و ئەدەبی زمانە جۆراوجۆرەکان دا و ئەم هەڵس و کەوتە زانستیە لە گەڵیانا ڕێگا خۆشکەری دووهم قۆناغی بەرهەم هێنانی زمانە کە لەوێ دا دیسان زمان خەریکی خوڵقاندنە و لە ئاستێک دا قەرار دەگرێ کە دەبێ بە سەرچاوە. وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ژاپۆن بە تەنیا ساڵانە لە سەدا پێنجی ڕێژەی وەرگێڕان لەسەرئاستی جیهانی لە دەست دایە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرەڕای ئەم گشتە پێشکەوتن و هەبوونی ئەبزاری پێوەندی جۆراوجۆر، بەشێکی بەرچاو لە بودجەی ساڵانەی خۆی بۆ وەرگێڕان تەرخاندەکا. ئەمانە دوو نمونەی بچووکن لە کاریگەری و جێگە و پێگەی وەرگێڕان.

خاڵێک کە زمان و ئەدەبی کوردی هێشتا ئاورێکی موستەحەقی لێ نەداوەتەوە. هەست پێ کردن بە گرینگی ئەم خاڵە وەک بابەتێکی کاریگەر لە هەڵس و کەوتی زمان و ئەدەبی کوردی دەگەڵ زمان و ئەدەبی گەلانی تر دا و سازدانی "بزووتنەوەی وەرگێڕان" زۆر جێگای سەرنجە. هەڵبەت هەر وەک گوتمان، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و تەریک نیە لە ڕەفتارە غەیرە زمانیەکان و ئەم وەرگرتن و بەرهەم هێنانە زمانی و ئەدەبیە دەشێ هاوکات بێ دەگەڵ هەڵکشانە بان و گۆڕانی لەتەکانی تری پارێلی کۆمەڵگا کە لە حەوسەلە و چوارچێوەی ئەم وتارە دا نیە.

سەرچاوەکان:

زبان سوسور ویتگنشتاین – روی هریس (ت: دکتر اسماعیل فقیه)

نشانە شناسی – پی یر گیرو (ت: محمد نبوی)

چهار گفتار دربارەی زبان – محمدرضا باطنی

زندگی در دنیای متن – پل ریکور (ت: بابک احمدی)

زبان، ترجمە و ارتباط فرهنگ ها – ترجمە و تالیف حسین یعقوبی

اصلاح یا انقلاب – روزا لوکزامبورگ (ت: اسدالله کشاورزی

# چۆن بۆت بدوێم

ئەحمەد بازگر

شەو درەنگە و

تازە ئاشنا،
بۆم دژوارە، ئێجگار دژوار
ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە
کە لەمێژە
ئەمڕۆ بە سبەی پێ دەکەم!
وشەکانی ئەم چیرۆکە
وەکو ماسی لووسی بن گۆم
لەدەستمدا هەڵدەخلیسکێن!
وشەکانی ئەم چیرۆکە
کۆترە شینکەن
ماڵی نابن و
لە قەڵبەزی وەسفەکانمدا ناحەجمێن!
شەو درەنگە و تازە ئاشنا
یەکەم جارە
ئەم شاعیرە
بۆی دژوارە لەخۆی بدوێ!
یەکەم جارە
وشە لێم سرك و عاسی بێ و
بەسەر زمانمەوە نەپشکوێ!
تازە ئاشنا!
نیگەرانم
بە هۆی وشەی نارەسەن و
گرێ گرێ
دڵی چیرۆکەکانم بریندار بێ!
زۆر دەترسم
دەستنەکەون ئەو وشانەی
کە نەهێڵن
باڵای ڕێکیان خێج و خوار بێ!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
دنیای چیرۆکەکانی من
زۆر نامۆیە و
لە ناو خەیاڵی لەتیفی
تۆی دڵ ناسکا ناگونجێ!
دنیای چیرۆکەکانی من
ڕەق و تەقە و زبر دەدوێ!
پەڵە بارانی ناو دنیای
چیرۆکەکانی من
ئەو بلوورە قاڵ بۆوە نییە
تازە ئاشنا کە تۆ
لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەت
چاوی حەزی پێهەڵێنی!
کرێوە بەفری
چیرۆکەکانی من
ئەو سپی ئاوریشمە نییە
لەسەر ئاسمانی شارەکەت
دەستی سروشت ڕایوەشێنێ
توێ توێ بکەوێ و
باوەشی خۆی تێوەرێنی!

چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێك
لە بێشەڵانی گەسگەسکا
ماندویەتیت دەرنەکردوە!
بەسەر پەنجە
پۆلە دڕووت لانەداوە و
لەناو ویزەی مێشوولەدا
بۆی نەخەوتووی!
تاقە جارێك
شەو درەنگان
هەورازی دوورت نەبڕیوە و
پەلە دەوەن
پەنجەی لەچاوت نەکوتاوە و
لە بەفری تەپلەك نەکەوتووی!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێك
چۆڕاوگەی لێڵی گوێسوانان
بە پشت ملتا نەچوەتە خوار!
تاقە جارێك
ناچار نەبووی
لە ناو شەوی ئەنگوستە چاو
هەست و خوستی لە خۆت ببڕی
بێچرپە بڕۆی
لێت یاغی بێ
خشەی کەڕەگەڵی نزار!
تاقە جارێك
نێو چاوانت
لە سەردەرانان نەکوتاوە!
تاقە جارێك
قەوزەی شینی
سەر گۆمیلکەی بۆگەن کردوو
لە ناو گەرووت نەگیراوە!
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێك
لە ناو گەرووی
دۆڵ و زندۆڵی لاپەڕ و
شاخ و تەلانی هەڵدیر و
دارستانی چڕ و پڕدا
هەڵە نەچووی و ون نەبووی!
یان خۆ جارێك
هەڵپەی سەرشێتی سێڵاوی
کوێرە شیوێکی لاتەریك
بەری ڕێگەی پێنەگرتووی!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
هێشتا گوێی تۆ
بە مۆسیقای لاواندنەوەی
دایکی ڕۆڵە جوانەمەرگا
ڕانەهاتوە!
تاقە جارێك



لەگەڵ هاتنە
دنیای
کۆرپەیەکی
باوك شەهید
تەزووت
بەلەش دا
نەهاتوە!
تازە ئاشنا
تاقە جارێك
خۆدڵی تۆ
بە کسکەی
گوللە و
گرمەی تۆپ
لە ناکاو
دانەچڵەکیوە!
هەرەس هێنانی بێڕەحمی
قامەتی خۆشەویستانت
قەت بەچاوی خۆت نەدیوە!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
لە ناو دنیای
چیرۆکەکانمدا
لە ناو میحرابی مزگەوتا
خۆشەویستی لەدار دەدرێ!
لە قوڕاوچکەی منارەوە
شەوەزەنگە، مەرگە
لە جاڕ دەدرێ!
شەو درەنگە تازە ئاشنا
ئەگەر ئەم جارە هاتیەوە
دەتکەم بە میوانی، قارەمانی
چیرۆکەکانی خۆم
ئەو کەسانەی لە عەشق دەدوێن!
ئەو عەشقانەی
گوڵی ژیان
لە سای وانەوە دەپشکوێن!
ئەگەر ئەمشەو
بەهۆی ئەم شیعرە لاڵەوە
لە چاوت زا دڵۆپی ئەسرین
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
دەستت دەنێمە نێو دەستی
قارەمانی چیرۆکێکم
گۆرانی بڵێ
دەنگ هەڵبڕە
با ئاژین بێتە سەر لێوت
تریقەی بەتینی پێکەنین!
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
ئیتر ناڵێم:
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
تۆ دانیشە
ڕاست و ڕەوان
منیش دەدوێم!

**١٩٩٢/٢/٧یۆتەبۆری**

**›› پاشماوەی سەبارەت بە سەربەخۆیی پۆڵەندا...**

وە ئایا پرسە سیاسیەکان کە لە ١٧ ساڵ لەوەپێش جێگەی ناکۆکی بوون، لە بنەڕەتتدا پرسێکی کۆمەڵایەتی نین؟

کەواتە جیا لەوەی چ هەڵوێستێک دەگیردرێت، چ لیبرِاڵ یا رادیکاڵ یا کۆنەپارێز، هیچکەس ناتوانێ شۆڕشی "کراکۆ" سەرکۆنە بکات کە پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێک گرێداوە! ئەوانەی کە لە ریزی پێشەوەی شۆڕشی "کراکۆ" بوون بە قووڵی بڕوایان وابوو کە تەنیا پۆڵەندێکی دێمۆکراتیک دەتوانێ سەربەخۆ بێت و ئەوەیکە دێمۆکراسی لە پۆڵەند بە بێ هەڵوەشانەوەی مافی دەرەبەگایەتی، بە بێ بزووتنەوەی زەوی و زار کە وەرزێران لە بەڵێندەری دەرەبەگ بکاتە خاوەندارێکی مۆدێڕن مومکین نیە. بۆیە ئەگەر ستەمکارانی رووسی لەگەڵ ئەریستۆکراتەکانی پۆڵەند جێگۆڕکێ بکەی، تەنیا جۆری ستەمکاریەکەت خۆماڵی کردوەتەوە. ئاڵمانیەکان رێک هەر بەو شێوە ناپێلۆنێکیان لەگەڵ ٣٦ مترنیخ "سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئۆتریشی " ئاڵوگۆڕ پێکرد.

ئەگەر دەربەگی پۆڵەندی، دە- ربەگێکی رووسی لە لای سەرووی خۆیەوە دانەنێت، وەرزێری پۆڵەندی هێشتا لە ژێر چەپۆکی دەربەگێکدایە، واتە جێگۆڕکێ کردنی دەربەگێکی ئازاد لەگەڵ دەرەبەگێکی بەندکراو. گۆڕانی سیاسی هیچ گۆڕانکاریەکی لە بارۆدۆخی کۆمەڵایەتی وەرزێران پێک نەهێناوە. شۆڕشی "کراکۆ" بۆ سەرتاسەری ئوروپا سەرچاوەیەکی گەورەیە، چونکە پرسی نەتەوەیی لەگەڵ دێمۆکراسی و رزگاری وەرزێرانی چەوساوەی هێنایە سەنتەری ناساندن. سەرارِای ئەوەیکە شۆڕش بە دەستی بەکرێگیراوان سەرکوت کرا، بەڵام بە ئەوپەڕی گەورەیی لە سوئیس و ئیتالیا سەر هەڵدەدات. بنەماکانی خۆی لە ئیرلەند پەسەند دەکات، لەو شوێنەی کە حیزبەکەی "ئوو کانێل" هاوکات لەگەڵ ئامانجی بەرتەسکی ناسیۆنالیستی لەناوچوو، وە لە جێی ئەوە حیزبێکی نوێی نەتەوەیی پێکهاتووە کە لەگەڵ رێفۆرم و دێمۆکراسی هاوپەیمانی بەستووە. دووپاتی دەکەمەوە، ئەمە پۆڵەندە کە توانایی دەسپێشخەری لە خۆی نیشانداوە، نەک پۆڵەندیەکی دەرەبەگ، بەڵکوو پۆڵەندێکی دێمۆکراتیک و لێرە بەدواوە، رزگاری ئەم وڵاتە دەبێتە شانازی بۆ سەرجەم بەرەی دێمۆکراتی ئوروپا.

بەراورد بە فایلی ئینگلیزی
کۆمەڵە وتارێک سەبارەت بە بارودۆخی پۆڵەند
https://www.marxists.org/archive/marx/works/subject/poland/index.htm

# منداڵ هاوسەری و خەسارەکانی



سەیران مستەفازادە



منداڵ هاوسەری بە شیوازێک لە هاوسەرگیری دەکوترێت کە کەسێک پێش ئەوەی تەمەنی بگات بە ١٨ ساڵ ژیانی هاوبەش پیک بینێت، بەڵام وشەی منداڵ هاوسەری زۆرتر بۆ ئەوەی بکار دێت کە کچ لە ژێر ١٨ ساڵ و بە زۆرەملێ دەبێت لەگەڵ پیاوێک ژیانی هاوبەش پیک بینێت. کە ئەمەش هۆکارگەلێکی جیاواز وەک قەیرانی ئابووری ، دابونەریت و کولتور و کێشەی بنەماڵەی هەیە . لە وڵاتانی ئورووپایی و پێشکەوتوو ژیانی هاوبەش لە تەمەنی کەمدا یەکێک لە شێوازەکانی هاوسەرگیری زۆرەملی بە ئەژمار دێت و جورێک لە پێشێل کردنی مافەکانی منداڵان و کچانە . بە پێ جارنامەی جیهانی مافی منداڵ ، منداڵ بە کەسێک دەلێن کە تەمەنی لە ژێر ١٨ ساڵ بێت . لە نێوان هۆکارەکانی کە مافی منداڵ دەخاتە مەترسی ، منداڵ هاوسەرییە کە زۆرترین ڕێژەی هەیە و منداڵ لە زۆربەی مافەکانی خۆی بێ بەش دەکات .

منداڵ هاوسەری هۆکارگەلێکی جیاوازی هەیە کە گرینگترینان ئەم چوار هۆکارە بە ئەژمار دێت :

١- جیاوازی ڕەگەزی : لە وڵاتانی کە ژن ڕەگەزی دووهەم بە ئەژمار دێت مافی ژن لە بەر چاو ناگرترێت . لە سیستمی پیاو سالار ، پیاو ڕەگەزی یەکمە و دەسەڵاتدارەو هەر بۆ ئەمەش ژن بە حەزی پیاو ژیان دەکات و پیاو مافی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و ژن وەک کالا یەک سەیر دەکرێت .

٢- دابونەریتی کۆمەڵگا : لە هێندێک کولتورەکان کە لە ناو کۆمەڵگا دا هەیە بە تاییەت لە وڵاتانی دواکەوتوو بە هۆی ئەوەی کە هێندێک لە ڕەفتار زۆر دووپاتە دەبێتەوە، دەبێت بە یاسای ئم کومەڵگایە و خەڵک قەبوولی دەکن و دەبێت بە بەشێک لەو دابونەریتی ئەم کۆمەڵگایە و منداڵ هاوسەری یەکێک لەو دابونەریتە نادروستەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو هەیە .

٣- هەژاری : بە پێ ڕاپۆرتی یونیسێف لە ساڵی ٢٠٢٠ لانیکەم لە سەدا ٤٠ ، ئەم کچانی کە وڵاتانی فەقیر ژیان دەکەن بە هۆی نەبوونی و بارودۆخی خراپی ئابووری بن ماڵە ، لە تەمەنی کەمدا ئێزدواج دەکەن و یا بن ماڵە لە بەرامبەر پارە دا دیان فروشن .

٤- نەبوونی ئەمنیت : لە دە وڵاتی جیهان کە زۆرترین ڕێژەی منداڵ هاوسەری هەیە بە تاییەت لەوڵاتانی وەک یەمەن و سودان بە هۆی شەڕی ناوخۆیی و نەبوونی ئەمنیت، بن ماڵەکان بۆ پاراستنی کچەکان و هەروەها بە هۆی هەژاری بن ماڵەکان کچەکانیان زوو بەمێرد دەدەن بۆ ئەوەی کەسێکی تر وەک پیاوێک لە سەر کچەکان بێت و بیان پارێزیت .

بە پێ ڕاپۆرتی یونیسیف لە ساڵی ٢٠٢٠ ، لەساڵێکدا لانیکەم ١٢ ملیۆن کچ ژێر ١٨ ساڵ لەسەراسەری جیهاندا ، ئێزدواجیان کردووە و ئێران دوای وڵاتی گینە لە پلەی دووهەم بۆ منداڵ هاوسەریدا بە ئەژمار دێت .

بە پێ یاسای بنەڕەتی ئێران خالی ١٠٤١ یاسای مەدەنی ، ئێزدواج لە ژێر ١٣ ساڵ بۆ کچان بە ئیزنی دایک و باوک کێشە نییە و یاسای بە ئەژمار دێت . بە پێ ئەو خالانی کە لە لایەن نیونەتەوەکان دیاری کراوە ئیزدواج لە ژێر ١٨ ساڵ منداڵ هاوسەری و جورێک لە دەستدرێژی سێکسی بە ئەژمار دێت بەڵام لە ئێران بۆ پێش گرتن لە منداڵ هاوسەری یاسا نییە و ڕێگەپێدراوە .

بە پێ دوایین ئامارەکانی فەرمی ئێران لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا زیادتر ە یەک ملیۆن و ٧٧ هەزار کچ لە ژێر ١٨ ساڵ ئیزدواجیان کردووە و ئەمە زیادتر لە یەک لە سەر پێنجی ئەو ئیزدواجانەیە کە ئێران تۆمار کراوە و هەر چەند ئم ڕێژەیە زۆر زیادترە .

بە پێ ئامارەی ڕەسمی ئێران لە ماوەی ساڵی ١٤٠١ لە کوردستان ، زیادتر لە ١٤١٣٤ کەس لە ژێر تەمەنی ١٣ ساڵ و ٣٦٥ کەس لە ژێر ١٥ ساڵ و زیادتر لە ٢٣٠ کەس لە ژێر ١٨ ساڵ بوون کە ئێزدواجیان کردووە ، کە ئەم ئامارانە زۆر راست نییە و زۆربەی ئێزدواجەکان لە نوسینگەی تۆماری ئێزدواج تۆمار ناکرێت .

دەرئەنجامی منداڵ هاوسەری لە سەر کۆمەڵگا و تاکەکەس : یەکێک لە گرینگترین دەرئەنجامی منداڵ هاوسەری دورخستنەوەی ژنان و کچان لە خوێندنە . کچانێک کە منداڵ هاوسەری دەکەن ناتوانن دەرس بخوێنن و یا کار و پیشەیێکی تاییەت فێر بن و زۆربەیان بە زۆری بن ماڵە دەبێت دەست لە خوێندن هەل بگرن و ئەمەش کارێگەری لەسەر داهاتی کۆمەڵگا دەبێت چۆن ئەم کچانە دەبن بە دایکانی داهاتوو و هەر وەها لە کاتی جودا بوونەوە بە هۆی ئەوەی کارێکی تاییەت نازانن تۆشی کێشە دەبن و هەروەها لە ئێران کاتێک کچ مێرد دەکات ناتوانت لە مەکتبی ئاسایی بەردەوام بێت لە خوێندن .

یەکی ترلە دەرئەنجامەکانی منداڵ هاوسەری توند و تیژی بەرامبەریان زۆرترە و دەستدرێژی سیکسی و جەستەی بەرامبەریان دەکرێت . نەخۆشەکانی دەروونی و جەستەی و هەروەها دووگیانی لە تەمەنی کەمدا کە زۆر مەترسیدارە و لە زۆربەی کات دا دەبێت هۆی گیان لەدەست دانی دایک و منداڵ و گرینگترین بابەت ، کچەکان کاتی ژیانێکی باش و ئاسودە لەدەستت دەدەن و بە زۆر لە دونیای منداڵی دور دەکەونەوە .

بۆ ئەوەی منداڵ هاوسەری بە تاییەت لە وڵاتێکی وەک ئێران لە ناو بچیت دەبێت دەسەڵاتداران پروگرام و پلانی تاییەت و گونجاوا دا بنیین بۆ پاراستنی مافی منداڵ وەک یاسا ی زیاد کردنی تەمەنی هاوسەرگیری ، یاسای ئەوەی کە منداڵ هاوسەری وەک تاوان بە ئەژمار بێت و هەر بنەماڵە یا نوسینگەیێک کە ئەم کارە ئەنجام بدەن تاوانبار بە ئەژمار بێن و سزا بۆیان دەر بکرێت . هەروەها بە ساز کردنی کولتوری دروست بۆ بنەماڵە لە ڕێگای پەروەردە و زانیاری بنە ماڵە ، توانا کردنی کچان لە ڕێگای فێر کردنی کار و پیشە و دەرس خوێندن ، لە ناو بردنی بیر و باوەری نادروستی ئایینی و هەروەها خەبات بۆ یەکسانی رەگەزی و یەکسانی چینایەتی دەتوانن پێش بە منداڵ هاوسەری بگردرێت. و تەنیا زەمانێک کۆمەڵگا شایەتی لە ناو چوونی منداڵ هاوسەری دەبێت کە حکومەت بە هاوکاری تەواوی خەلک کار بکات بۆ لە ناو بردنی ئەم دیاردە قیزەونە .

## »پاشماوەی ئێمە ئازادین هەموو جیهان بگۆڕین...

ئەم کتێبە تێکەلێکە لە ژیانامە، لێکۆلینەوەی رخنەیی لە ئەو شتانەی لە ئارنێت بە جێ ماون، ڕێنوینی و ئەزمونی کردەوەیی کردەوە "٦ بەش لە ١٠ بەشی کتێبەکە بریەتییە لە؛ "چون" دەس پێدەکات" و هەروەها بە وردی بیرکردنەوەیە لەسەر دۆخی ژئۆپولتیکیی ئێستە. "ئستونبریج" کەم و کوڕی و هەم روانین و بیرۆکەی ئارنێت بە باشی دەناسێت و لەو بەشانەی کە خوێنەری ئەمڕۆکەیی ئەویان تورە یا توشی سەرسوورمان کردوە، راستەوخۆ ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەبێتەوە. ناوبراو سەبارەت بە لاوازی و دۆخی تۆقێنەری ئارنێت سەبارەت بە لێکۆلینەوە و توێژینەوەی پرسی نژادی لە نیشتمانی دووهەمی واتە "وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا" دەکات. بە تاییەتی رخنەیەکی سەرنج ڕاکێش ئارنێت لە بنەماڵەی " ئلیزابێت ئاکفۆرد" یەکێک لەو نۆ کچەی کە لە کاتی تێکەڵکردنی کچانی ڕەشپێست و سپی پێست لە قوتابخانەیەک لە پاڵ یەک قەبوڵ کرابوون، کەوتبوونە بەر ئازار و ئەشکەنجە.

"ئستۆنبریج" هەروەها رخنەگری پەیوەندی نێوان ئارنێت و هایدگر بوو، مامۆستای فەلسەفە و عاشقی کۆن، ئەو پەیوەندییەی کە دوای ئەوەی پەیوەندی هایدگر و نازیسم دەرکەوت ناوبراو درێژەی بەو پەیوەندیەدا. هەر چەن " ئستۆبریج " تا ڕادەیەکی زۆر لەو پەیوەندیەدا پشتیوانی لە ئارنێت دەکرد ئەو هێرشەی لە بەرانبەر ڕاپورتی ناسراوی سەبارەت بە دادگاییکردنی "ئایشمەن" و بەرگری لە بیرۆکەی کۆنی شەڕ دەکات. بە بروای ئەو، ئارنێت هەرگیز نەیوت کە ئایشمەن نەیزانیوە خەریکی چ کارێکە و لە ڕووی نەزانیوە ئەو کارەی کردوە، بەڵکوو لە بەرانبەردا تیری ڕخنەی بەرەوڕووی کەموکۆریەکانی بنچینەیی بیر و خەیال دەکات. ئەو بەربەستانەی کە کردەوەکانی ئایشمەنیان مومکین کردبوو. هەر چەن "ئستۆنبریج" بنەماخوازتر لەوەیە کە بە ڕوونی باسی ئەوە بکات بەڵام تێکەلێکی گشتی کتێبەکەی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە روانینەکانی خۆدی ئارنێت سەرچاوە دەگرێت. " لێهاتوویی جوان و باشی ژیان نامە نووسی ئەدەبی" ئارنێت لە جێ پێی لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی وەک ژیاننامەی "راحێل فارنهاگێن" میوانی کۆبوونەوە ئەدەبیەکان، تا راپورتی دادگاییکردنی ئایشمەن بە جوانی دەبیندرێت، هاوبیر لەگەڵ بنەما و بیری بنجینەیی بوو و ئەوەی کە " توانایی بیرکردنەوە لە روانگەی کەسێکی دیکەوە جۆرێک لە بەلێنی ئەخلاقی، فکری و سیاسی هەمیشەئییە.

هەر چەن وردبینی "ئستۆنبریج" لە لێکۆلینەوە وتوێژینەوە و کردنەوەی بیری ئارنێت خالّی بەهێزی ئەو بە ئەژمار دێت بەڵآم ئەو پرسە لە کاریگەری کتێبەکە کەم دەکاتەوە. باس و ناوەرۆکی کتێبەکە سەبارەت بە کێشەکانی ئێستە سەرنج ڕاکێشن، بەڵام بە گشتی خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی و سەرسوورمان دەکات. لەو کتێبە، هەرەشەکانی گەرانەوەی توتالیتاریسم زۆرتر دەگەرێتەوە بۆ هاتنی "ترامپ و پوتین" .... رەنگە گەر وردتر سەیری کتێبەکەی "ئستۆنبریج" بکەین، کتێبەکە زووتر کۆن ببێت، بەڵام من چاوەروان بوم کە روانینی ئەو جهیانی تر وناوچەیی بێت و باشتر بیر بکاتەوە. "ئستۆنبرج" نە تەنها باسی "بولسونارۆ و ئۆریان" وەک نمونە گەلّی ئێستا ناکات. هەرچەن خۆی شارۆمەندی بریتانیایە ولەو وڵاتە دادەنیشێت، ناوبراو تەنانەت ئاماژە بە نموونە گەلّی ناوچەیش ناکات. ئەمە لە حالێکدایە کە بارودۆخی سیاسەتی بریتانیا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ئارنێتییە. بۆ من گونجاو نییە بەرگری ئارنێت لە سیاسەت وەک فەزایەک بۆ بیرکردنەوەی مانادار هاوکات لەگەڵ کەسانی دیکە بخوینم و بیر لە دۆخی هەڵبژاردنی بریتانیا کە لەو وڵاتە بەرێوە دەچێت نەکەمەوە.

ئارنێت سەبارەت بە راگواستنی زۆرە ملی پەنابەران لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ قارەیەکی دیکە و ئەو ئۆپوزسیونە ترسنۆکەی کە تەنها رخنەیان بەو بەرنامە هەزینەکەیەتی و نە ناوەرۆکەکەی و دۆخی ئەو خەلّکەی کە چییان بەسەر دێت و ....، دەتوانین چی بلّێن؟ هەر چی ئەو رووداوانە نوێن کە کتێبەکە نەیتوانیوە راستەوخۆ باس لە غەزە و کوشتاری منداڵانی بێ تاوان بکات، بەڵام لە راستیدا هیج کام لە دوو حزبی دەسەڵاتدار باسی ڕاگرتنی شەڕیشیان لەو وڵاتە نەکرد، چۆن دەتوانرێت باسی ئەوەی کە "ئستۆنبریج" بە دارمانێکی مەرگهێنەر دەکات، نەکەین؟

Dwaroj

خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
www.dwaroj.net
@Dwaroj-komala
@Dwaroj
@Aso Sat

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
دیزاین:
سروە مستەفازادە
www.dwaroj.net

# تێبکۆشین بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە




ئا: دوارۆژ

ڕێکەوتی ١٠ی ئۆکتۆبر ، ڕۆژی جیهانی خەبات لە دژی سزای سێدارە بوو. ڕۆژێک کە هەموو لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ شەقامەکانی پایتەختەکانی وەڵاتانی زلهێز بە دروشمەکانی نا بۆ سێدارە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزایە نامرۆییانەیە، دەهێننە لەرزین. ١٠ی ئۆکتۆبری ئەمساڵیش دروشمەکان لە چەشنی ساڵانی ڕابردوو بوون و مەحکووم کردنی وڵاتانی لایەنگری کووشتنی بە ئەنقەستی ئینسانەکانەکان. ئەمساڵیش لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبردا جارێکی تر وڵاتی ئێران لەسەرەوەی دروشمەکانی نەیارانی سزای سێدارە هاتە ئەژمار. ئەمجاریش مەرگ بۆ دیکتاتۆرو مەرگ بۆ خامنەیی جەلاد تەنیا لە شەقامەکانی تاران پایتەختی سێدارەو بەندیخانەکان وگۆشەو کەناری شارە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا قەتیس نەمایەوەو بەڵکوو بوو بە دروشمی ڕاستەوخۆی هەموو مرۆڤدۆستەکانی ڕێپێوانی ١٠ی ئۆکتۆبری ئەمساڵیش. ئێستا کە کۆتایی دەیەی دووهەمی سەدەی ٢١تێپەر دەکەین، هێشتاکەش هەروا پتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان نوقمی حوکمی سێدارەیە. وەها ڕاستێک نە تەنیا نیشانەی کارەساتێکی گەورەی مرۆییە بەڵکووهاوکات گیان سەخت بوون و پانتایی مێژوویی و جیهانیی ئەم دیاردەیەمان پێ نیشان دەدات. وڵاتی ئێران بە بەردەوامی لە ریزی یەکەمی ئەو وڵاتانەدایە بەجۆرێک کە لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤زایینی تا ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، لانی کەم سزای سێدارەی ٨٥٣ بەندکراو لە بەندیخانە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران جێبەجێ کراون کە ١٨ کەسیان ژن و ٣ کەسیشیان منداڵ بوون .لەدوای مردنی گوماناوی ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران وشکست پێهێنانی پرۆژەکانی ڕژیم بۆ بەرێوەبردنی شانۆی گاڵتەجارانەی هەڵبژاردنی چواردەیەمین خولی سەرۆک کۆماری لەلایەن خەڵکەوەو هەروەها کوژرانی بە ئەنقەست و بەرنامەبۆدارێژراوی ئیساعیل هەنییە بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی تیرۆریستی حەماس لە ناو دڵی شاری تاران و لە پەنا گوێچگەی خامنەیی، بەخێرایی وبەکردەوە کەشوهەوایەکی تۆقێنەرو پڕلەمەترسی بەفەرمانی خامنەیی و سپا تیرۆریستەکەی بەسەر ئێراندا زاڵ بوو. خامنەیی بۆدەرباز بوون لەم دۆخە و لەو سەر شۆڕیی و شەرمەزارییەی کە دوایکوشتنیگەورەتیرۆریستی حەماس تووشی هاتبوو،خۆی و سپاکەی ڕووبە جەماوەر شەمشێر لە پێشەوە دەبەستن و زەلیلانە بەمەبەستی دیاریکراوی خۆیان وەک هەمیشە دەچنە گیانی بێ دیفاع تەرین مرۆڤەکان لەو دیوی تەڵبەندەکانی بەندیخانەوەو بە سەدان کەسیان لە سێدارەدا. جێگای تێرامانە کەلەماوەی یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا ١١٠کەس لە بەندیخانەکانی ئێران لە سێدارە دراون . یانی بەلانی کەمەوە ڕۆژی شەش کەس لە ئێران لە سێدارەدراون . لە نیوەی دووهەمی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا لانی کەم سزای سێدارەی ٥٥ بەندکراو لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکردەوە دەرهات. ئەو ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای مانگی پووشپەڕ کە ١١ بەندکراو لەسێدارە درابوون، ٤٤ حاڵەت واتا ٤٠٠لەسەد زیادی کرد. لە ماوەی مانگی خەرمانانیشدا لانیکەم سزای سێدارەی ٩٤ بەندکراو لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران جێبەجێ کراوە. ئەو ئامارە بەراورد لەگەڵ مانگی پووشپەڕ کە ٥٥ بەندکراو لەسێدارە درابوون، ٣٩ حاڵەت واتا ٧١ لەسەد زیادی کردووە. هەروەها ٢١لەسەدی بەندکراوانی لەسێدارەدراو لەو مانگەدا هاووڵاتییانی کورد بوون.

لە ماوەی ڕۆژەکانی ١٧و١٨و ١٩و ٢٠ی ئەم مانگەو تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ١٤ کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی لە سێدارە دراون کە شەش کەسیان کورد بوون .

بەو حالەشەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی سەدان کەس لە مەحکومانی دادگا عادیەکانی، ساڵانێکە لە چاوەڕوانی بە کردەوە دەرهێنانی سزای سێدارەدا ڕاگرتووە، تا هەر کاتێک و بە هەر هۆکارێک هەستی کرد کە دەبێ سەرجەم کۆمەڵگا بترسێنێ، ژمارەیەک لەم مەحکومانە بە بەرچاوی خەڵکەوە بە پەتی سێدارەوە بکات. دەزگا تەبلیغاتیەکانی ڕژیمی ئیسلامیی، فریوکارانە، دەرکردن و بەڕێوەبردنی سزای سێدارە لەژێرناوی ئامرازی هێنانە خوارەوەی ڕێژەی تاوان و جەنایەت، بردنەسەرەوەی ئاستی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و دابین کردنی عەدالەتی ناو کۆمەڵگا، پاساو دەکەن، بەڵام ئەزموونی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئەزموونی خودی ئێران و ئامار و داتاکان پێمان دەڵێن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا سزای سێدارەو کوشتنی سیستماتیکی دەوڵەتی، ناتوانێ ڕێژەی تاوان و جەنایەت کەم بکاتەوە.

سەرانی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی زیاتر لە چواردەیەی ڕابردودا لە هەمانحاڵدا کە بەشێوەی سیستماتیک لە سزای سێدارە وەک شگردێکی سەرکوت لەدژی نەیارانی سیاسی خۆی کەڵکی وەرگرتوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ بەلارێدا بردنی ڕای گشتی، سزای سێدارەی وەک ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی ئەم نابەسامانی و تاوانە کۆمەڵایەتیانپیشانداوە.

## دواستوون

### وچانێک، کەلامێک

ئاڵای سوور

کۆماری ئیسلامیی تا دێ لە ناوخۆی وڵات زیاتر رسوا دەبێ ولە دەرەوەش دۆڕاوتر لە جاران، لاواز بوون لە دەسەڵات و نائۆمێدبوون لە چارەسەر کردن،کۆماری ئیسلامیی بەکردەوە بەرەو لێواری بەربوونەوە پاڵ پێوەناوە. خامنەیی هەموو هەوڵی خۆی چڕکردۆتەوە تا پشیلە ئاسا سیاسەتی چڕنۆک وەشاندن بگرێتە پیشە. لە دەرەوەی سنورەکان خۆی و هاوپەیمانە تێرۆریستەکانی کەوتونەتە بەر زەبر و پەلامار. سەنگەر بە سەنگەر لێاندەدرێ و بە سەختی دەکەونە بەر پەلامار. لە ناوەوەش نارەزایەتی گشتیی بێداد دەکا و خەڵک هەم بە دەست سیاسەتی شەڕخوازانەی خامنەیی وهەم لەبەر بێ ئەنوایی ئابوری لە ژیان بێزاربوون و , چاوەڕوان دەکرێ شەپۆلی توڕەیی و نارەزایی سەرکێشتر لە جاران سەرهەڵبداتەوەو ئەمجار تەخت و بەختیان بکاتە ئامانج. کوردستانی پێشەنگ و بزووتنەوەکەی و کۆماری ئیسلامیی مێژوێکی پڕاوپڕ لە ناکۆکییان پێکەوە هەیە. ئەو ڕەوتەی کە دەستی بەسەر شۆڕشی ئێراندا گرت و هێرشی کردە سەر کوردستان بۆ هەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕش ، لە لایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستانەوە بە "نا" و بە "چەک" وەڵامی پێدرایەوە .لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوو جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان "شەقامیان" کردۆتە بەرچاوترین و شکۆدارترین بوارەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی. شەقام بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان ساحەی گۆڕانکاری لە خوارەوە و هیوا بە داهاتوویەکی باشترە بۆ لە گۆڕانی سیستمی قێزەونی دەسەڵاتدارێتی کۆماریئیسلامیی.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لەبەرانبەر شەقامی بە هێزی کوردیدا هەموو چەشنە چەک، سەرکوت و جینایەتێکی بەکار هێناوەو، کوردستانیش هەموو هونەرەکانی بەرخۆدان، ڕاوەستاوی و ئازایەتی لە خۆی نواندوە و بۆتە مەکۆی سیکۆلاریسم، پێشکەوتویی، خەباتی مەدەنی، کاری هاوبەش و پێکەوەیی. ڕژێم باش لەو پاشخانەی نێوانی لەگەڵ کوردستان تێگەیشتووەو، بۆیە لە هەموو تەمەنی نگریسیدا هەر هەڵچونێکی نارەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لە ئێران سەری هەڵدابێ یان مەترسییەک بۆ ڕژێم هاتبێتە پێش، یەکەم هێرشی بۆ سەرکوتی کوردستان بووە. چونکوو کوردستان خاوەنی شێواز و ئاڵترناتیوی دیمۆکراتیک و بە پێشەنگی خەبات بۆ مافی نەتەوەیی دەناسرێ. هەڵاواردنی ئابوری و بێگەشە ڕاگرتنی ئەو مەڵبەندە، میلیتاریزمی شار و دێ و ڕاوەدونان و گرتنی ئەو دواییانەی دەیان چالاکوانی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان ئاماژەن بۆ تەنگاوبوونی ڕژیم و قورسایی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتودا. ڕژیم چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە سەرپۆش دەخاتە سەر کێشەکان. لە ناوخۆ هەوڵ ئەدەن کێشەکان لە بەر چاوی کۆمەڵگا دوور بخەنەوەو حاشای لێبکەن یان بە زۆری سەرکوت و جەنایەت و هەڕەشەی لە سێدارەدان و داسپاندنی هەژاری قەیرانەکان تێپەڕێنن و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرتر قەوارە و هێز وتوانایی و کارایی خۆی وەک دەوڵەت ودەسەڵاتێکی خۆداسەپێنەر لەدەستدەدات و مەیدانەکانی مانۆڕی دیپلوماسی ڕژیم تا هاتووە بەرتەسکتر بۆتەوە. کۆماری ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی وبە هەڵخراندنی دوژمنایەتی مەزهەبی ویستی گوشار بخاتە سەر وڵاتانی ناوچەکە. لە ئورووپاش بە هەناردەکردنی تێرۆریسمی دەوڵەتی بە تەمای وەرگرتنی ئیمتیاز بوو کە بۆ ساڵانێک بە سیاستی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا مەودای پەیدا کرد. لە دە ساڵی ڕابردووش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کێشەی زلهێزەکان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە توانی مەیدانێکی مانۆڕی گەورە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام هەر ئەم مەیدانە مانۆڕە گەورە بۆتە خاڵی لاوازی و ناتوانی خۆیی لێدەرباز بکات.کۆماری ئیسلامیی تا دێ ریسوایی و نەهامەتی زۆرتر ڕوی تێدەکات و گرێپوچکەکانی ئابوری، پێوەندی دەرەکی، قەیرانی ناوخۆیی و دارمانی سەنعەت و سامانی لێ ئاڵۆزتر دەبێ. سیاسەتی چنگ و ددان دەرخستن چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، نەک هەر نەجاتی نادات، بەڵکوو لەگەڵ تەنگژەی زۆرتر بەرەورووی دەکات. بۆیە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا دەرفەت و هەلی گرینگی لەپێشە و ئەرکی سەرشانمانە بە باشی و وشیاری کەڵکی لێوەرگرین. پێک هێنانی دۆخێک بۆ زاڵکردنی یەک گوتاریی لەناو بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا ، ئەرکی سەر شانی هەموو تێکۆشەرانی ئەورۆی خەباتی کوردستانە بە دژی کۆماری ئیسلامیی. ئەگەر بمانهەوێ یەک گوتاری لە گشت کوردستاندا ببێتە وتارێکی زاڵ و هێژمۆنیک، هێزە بابەتی و ماددییەکەی لە شەقامی کوردستانەوشەقام خوازیاری یەکییەتی وهاودەنگی هێزەسیاسییەکانن. گۆڕینی هاوسەنگیی هێزی جەماوەر بە قازانج بەرەی شۆڕش، لە ورەو خەبات و هێزی جەماوەری ناڕازی کوردستاندایە. پێویستە دەرفەتەکان بقۆزینەوەو دەستی ئاشتی بەرەو کۆمەڵگای خۆمان ڕاکێشین و پێویستە شەقام زیندووترو پڕگوڕوتین ترڕابگرین و لە گەڵ جەماوەری خۆمان سەنگەرەکانی شۆڕش ئاوەدانتر کەینەوە